# گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری ڕانیە لەنێوان ساڵانی ( ١٩٨٧ – ٢٠١٢ )
# "لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان"

د.کامەران طاهیر سعید          ڕێبین ڕۆستەم ڕەسوڵ
زانکۆی کۆیە

## پێشەکی

لێکۆڵینەوە لەگەشەی سروشتی دانیشتوان گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە گەشەی سروشتی دانیشتوان ڕەگەزێکی سەرەکی گەشەی دانیشتوانە، بریتییە لە جیاوازی نێوان ژمارەی لەدایکبووان و مردن لەماوەیەکی دیاریکراودا.

ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕووی گەشەی دانیشتوان بەگشتی و گەشەی سروشتی بەتایبەتی، گۆڕانی گەورەیان بەخۆوە بینیوە، ئەم گۆڕانکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوجیاوازییەی کەلە نێوان ڕێژەی لەدایکبووان و مردووان لەساڵێك بۆساڵکی تر بەدیدەکرێت، بەشێوەیەك  گۆڕانکاری زۆر و هەڵبەزو دابەزی زۆر لەگەشەی سروشتی شاری ڕانیە دروستکردووە، بەم پێیەش گەشەی سروشتی بۆتە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەیەکی بەرز لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەبەراورد بەناوچەکانی دەوروبەر.

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوە ئەوەیە لایەنێکی پڕبایەخ و کاریگەر لە بواری جوگرافیایی دانیشتوان تاوتوێدەکات، کە ئەویش گەشەی سروشتی دانیشتوانە، شاری ڕانیە وەك هەموو شارەکانی تری ناوچەکە ڕێژەی گەشەی سروشتی بەرزە، بوونی ئەم دۆخەش خۆی لەخۆیدا کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دروستکردووە، بەردەوامبونی ئەم دۆخە لەئایندەشدا ئاسەوارە کاریگەرو گەورەتر دەبێت.

ئامانجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرخستنی گۆڕانکارییەکانی گەشەی دانیشتوانە کەبەهۆی گەشەی سروشتییەوە سەریهەڵداوە، بەمەبەستی ئەوەی ببێتە ڕوانگەیەك بۆلایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دانانی سیستەم و پلانێك بۆ ڕێکخستنی گەشەی سروشتی لەم شارەدا.

لێکۆڵینەوەکە لەسەر ئەم گریمانە وەستاوە (گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری ڕانیە لەماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوە کاریگەری دیاری هەبووە لەسەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە).

لەم لێکۆڵینەوەیە پشتمان بە مێتۆدی (شیکردنەوە و بەراوردکاری) بەستووە، بۆشیکردنەوەی گەشە و گەشەی سروشتی و لەماوە جیاوازەکاندا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەراورد بەقەزای ڕانیە، بەگوێرەی ئەم مێتۆدە لێکۆڵینەوەکە بەچەند هانگاوێکدا تێپەڕیوە و دەکرێت بەچەند خاڵێکی کورت ئاماژەیان بۆ بکەین:

- کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەدام و دەزگا فەرمی و پەیوەندیدارەکان.
- سەردانی مەیدانی توێژەر، بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی جیاوازییەکان، لەگەشەی سروشتی شار و قەزادا لە ماوە جیاوازەکاندا.

- بۆ زیاتر وردبوونەوە و ڕوونکردنەوەی لێکۆڵینەوەکە، هەوڵدراوە پێوەری ئاماری بەکاربهێنین بۆ گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە.

سەبارەت بەهەڵەبژاردنی ماوەی لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی سەرژمێری دانیشتوانی ساڵی (١٩٨٧) کرا بە سەرەتای دەستپێکردن، چونکە لەم ساڵەوە داتای تایبەت بە گەشەی سروشتی لەشاری ڕانیە تۆمارکراوە، هاوشان ساڵی (٢٠١٢)کرا بە ساڵی کۆتایی، چونکە ئاماری تەواومان سەبارەت بەگەشەی سروشتی دانیشتوانی شارو قەزا لەبەردەست بوو، هەروەها ماوەی ساڵی (٢٠١٣ – ٢٠٢٠) وەرگیراوە بۆ پێشبینیکردن بۆ ئایندەی ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە.

بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکەمان، پلانەکەمان دابەشکردووە بەشەر پێشەکییەك و چوار تەوەر بەم شێوەیەی خوارەوە:

تەوەری یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە کەباس لە (ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە) کراوە، تەوەری دووەم: ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر زیادبوونی سروشتی، کە باسمان لەهۆکارەکانی ژنهێنان و شوکردنی پێشوەخت، تواناکانی لەدایکبوون (پیتی)، فاکتەری ئاینی، هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان، فاکتەرەکانی مردن، ئاماژەشمان بەتەڵاق و جیابوونەوە کردووە، تەوەری سێیەم: گرنگی و ئایندەی زیادبوونی سروشتی و کاریگەری لەسەر زیادبوونی دانیشتوان، لەم تەوەرەدا گرنگی گەشەی سروشتی و کاریگەری لەسەر زیادبوونی دانیشتوان خراوەتە ڕوو، ئایندەی ژمارەی دانیشتوان لەشاری ڕانیە بەپێی گەشەی سروشتی و گەشەی دانیشتوان تاساڵی (٢٠٢٠) ئاماژەی بۆکراوە.

## تەوەری یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

### ١-١- شوێن و ڕووبەی

شاری ڕانیە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان، لەچوارچێوەی دەشتی بیتوێن لە ناوچەی شاخاوی، بەگرنگترین شاری ئەم دەشتە دادەنرێت، زێی بچوك لەڕۆژهەڵاتی ئەم شارە بەنێوان هەردووچیای ئاسۆس و کێوەڕەش تێپەڕدەبێت بەئاراستەی باشور، بەمەش دەبێتە جیاکردنەوەی دەشتی بیتوێن لە دەشتی پشدەر، نەخشەی (١) هەروەها ئەم شارە یەکێکە لەسەنتەری قەزاکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی و کەوتۆتە باکوری ڕۆژئاوای ئەم پارێزگایەوە، ئەوەی پەیوەستە پێگەی شاری ڕانیەوە دەردەکەوێت لەبەشی باکور و باکوری ڕۆژهەڵات بەزنجیرە چیای کێوەڕەش دەورە دراوە، دەشتە کشتوکاڵی و دەریاچەی دوکان کەوتۆتە باشوری شارەکەوە، لە ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ چیای حاجیلە هاوسنورە و دۆڵی ئاکۆیان کەوتۆتە باکوری ئەم شارە، لەڕووی ئەسترۆنۆمییەوە شاری ڕانیە دەکەوێتە نێوان هێڵی یەکتر بڕینی بازنەی پانی (٨ "١٦ °٣٦ – ٤٩.٢ "١٣ °٣٦) باکور و هێڵی درێژی (٣٥.٢ "٥٤ °٤٤ – ٥١.٩ "٥٠ °٤٤) ڕۆژهەڵات[(١)]، هەروەها ڕووبەری گشتی نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە بریتییە لە (١٥.٦٥کم$^{٢}$)[(٢)]، کە کۆی ڕووبەری گشتی قەزاکە دەگاتە (٨٨٦کم$^{٢}$)[(٣)]، بەمەش شاری ڕانیە (١.٧٢٪)ی کۆی گشتی قەزاکە پێکدەهێنێ.

(١)https://www.google.iq/maps/@٣٦،٢٥٢٧٠١٥,٤٤،٩٠٣٤٨٣٣,١٣z?hl=en.

(٢) وەزارەتی شارەوانی، سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە، بەشی هونەری، ٢٠١٠ (بڵاونەکراوە).

**نەخشەی ژمارە (١)**

**پێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی قەزای ڕانیە و پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان**



سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بەد.هاشم یاسین حمدأمین حداد و ئەوانی تر, ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق, عێراق و جیهان, چ١, کۆمپانیای تێ نووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری, هەولێر, ٢٠٠٩, ل٣٩، و

iq/maps،google،https://www

**(٣) کامەران تاهیر سەعید، بنەما سروشتییەکانی پەرەپێدانی چالاکی کشتوکاڵ لەقەزای ڕانیە (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای کشتوکاڵ)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٢٥،  چابخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٢٢،**

### ١-٢- ڕەهەندی دیمۆگرافی

بەسەرنجدان لە خشتە و شێوەی (١) بۆمان دەردەکەوێت ژمارەی دانیشتوانی شارو قەزای ڕانیە لەماوەی ساڵانی نێوان (١٩٨٧ - ٢٠١٢) بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، کە لەساڵی (١٩٨٧) ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە تەنها (٢٧٧٠٠) کەس قەزای ڕانیە (٤٩٢٧١)بووە، ژمارەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیانکردووە، بەجۆرێك ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە لەساڵی (٢٠١٢) گەیشتۆتە (٩٧٥٦١)کەس بەم پێیەش نزیکەی (٣.٥)جار لە ساڵی (١٩٨٧) زیاترە، و ژمارەی دانیشتوانی قەزای ڕانیەش بووە بە (٢٦٦٢٠٤) کەواتە (٥.٤) جار زیاتر بووە بەراورد بەساڵی (١٩٨٧)، هۆکاری ئەم زیادبونەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئارامییەی بەتایبەتی دوای ساڵی (١٩٩١) هاتە ئاراوە، هەر لەخشتەی (١) دەردەکەوێت ڕێژەی دانیشتوانی شارەکە لەکۆی دانیشتوانی قەزای ڕانیە داکشانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەشێوەیەك لەساڵی (١٩٨٧) ڕێژەی دانیشتوانی شاری ڕانیە (٥٦.٢٪) لەکۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، لەکاتێکدا لەساڵی (١٩٩٧) ڕێژەی دانیشتوانی شار لەبەرامبەر دانیشتوانی قەزاکە دابەزیوە بۆ (٣٨.٠٩٪) کۆی دانیشتوانی قەزاکە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هەڵکشانی ڕێژەی دانیشتوانی شارە لەساڵی (٢٠٠٩) بۆ (٤٤.٠٢٪) بەبەراورد بەماوەی پێشوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی شەڕی ناوخۆ و گەڕانەوەی بەشێك لە ئاوارەکان بۆ شارەکان و بوونی خزمەتگوزاری زۆر بەراورد بەگوندەکانی دەوروبەر، بەڵام لەساڵی (٢٠١٢) دانیشتوانی شار لەکۆی دانیشتوانی قەزا بەرەو داکشان ڕۆیشتووە بەجۆرێك بووە بە(٣٦.٦٪)، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی دانیشتوانی شار لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧ — ٢٠١٢) بەرەو داکشان ڕۆیشتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە نائاساییەی هەرێمی کوردستان و ناوچەی لێکۆڵینەوەی گرتبۆوە وەك (جەنگی عێراق - ئێران و شۆڕش و ڕاپەڕین و کۆڕەو)، بەم پێودانگە دەکرێت فاکتەری سیاسی بەهۆکاری سەرەکی دابنێین، لەلایەکی ترەوە بوونی ئەو گۆڕانە کارگێڕییانەی ناوچەکەی گرتەوە کە هەردوو ناحیەی (ناودەشت و چناران) لەقەزای ڕانیە دابڕێنران، بەجۆرێك چناران خرایە سەر قەزای دوکان و ناودەشتیش بۆسەر قەزای پشدەر، ڕێژەی دانیشتوانی شار لەکۆی قەزا بەرێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووە بەجۆرێك لەساڵی (١٩٨٧ — ٢٠١٢) بە ڕێژەی (١٩،٦٪) دابەزیوە، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئارامییەی بەتایبەتی لە دوای ساڵی (١٩٩١) بەدیهاتوە، وایکردووە بەشێك لەخەڵکی ناوشارەکان بگەڕێنەوە بۆ لادێکان، زیادبوونی زۆرێك لە خزمەتگوزاری پێویست لە ناحییەکان ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی جیاوازی خزمەتگوزاری لەگەڵ شارەکان، هەروەها دەرکەوتنی ناحییەکانی (چوارقوڕنە و حاجی ئاوا و سەرکەپکان[*]) ئەمەش وایکردووە بەرێژەیەکی بەرچاو ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە بەرەو دابەزینێکی بچێت.

خشتە و شێوەی (٢) دەریدەخات، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری ڕانیە و شارنشنی قەزاکە، هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لەماوەی ساڵانی نێوان (١٩٨٧-٢٠١٢)، بەجۆرێك لەماوەی ساڵانی(١٩٨٧-١٩٩٧) گەشەی دانیشتوانی شار (٥.٣٪) لەبەرامبەردا گەشەی شارنشینی قەزاکە (٩.٦٪) بووە،

---

(*) (چوارقوڕنە) وەك یەکەیەکی کارگێڕی نوێ لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ دەرکەت و دواتر لەساڵی ١٩٨٦ کراوەتەوە گوند، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین لەساڵی ١٩٩٢ دوبارە کراوەتەوە ناحیە، بەڵام (حاجی ئاوا) لەساڵی ١٩٩٩ بەبڕیاری وەزارەتی ناوخۆ کراوە بەناحیە، هەرچی سەرکەپکانیشە بەهەمان شێوەی حاجیاوا بەپێی بڕیاری وەزاری ژمارە ١٨٦٦ی وەزارەتی ناوخۆ لە٢٠٠٥/٢/١٦ کراوە بەناحیە، بڕوانە: پێشڕەو سەمەد تۆفیق، شیکردنەوەی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانیە (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار)، کولێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە, ٢٠٠٩، ل١٨، (بڵاونەکراوە).

خشتەی (١)


دانیشتوانی شارو قەزای ڕانیە و ڕێژەی دانیشتوانی شار لەکۆی قەزاکە لەماوەی (١٩٨٧ — ٢٠١٢) (**)

| ساڵ | دانیشتوانی شاری ڕانیە | دانیشتوانی قەزای ڕانیە | شار لەکۆی قەزاکە(٪) |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٧ | ٢٧٧٠٠ | ٤٩٢٧١ | ٥٦.٢١ |
| ١٩٩٧ | ٤٦٨٦١ | ١٢٣٠٠٩ | ٣٨.٠٩ |
| ٢٠٠٩ | ٧٥٠٧٥ | ١٧٠٥١٢ | ٤٤.٠٢ |
| ٢٠١٢ | ٩٧٥٦١ | ٢٦٦٢٠٤ | ٣٦.٦٤ |

سەرچاوە/ ئامادەکراوە پشت بەست بە پاشکۆی ژمارە (١).

شێوەی (١)

دانیشتوانی شارو قەزای ڕانیە لەماوەی (١٩٨٧ — ٢٠١٢)




سەرچاوە/ کاری توێژەی. پشت بەست بەخشتەی ژمارە (١)

بەم پێیەش گەشەی شارنشینی قەزاکە (٤.٢٪) بەرزترە لە گەشەی شار، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە سیاسییەی هەرێمی کوردستانی گرتبووە لەوانە سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و ئازادکردنی زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، کەدواجار ژمارەیەکی زۆری خەڵک بەرو ناحیەکانی حاجیاوا و چوارقوڕنە کۆچیانکرد، سەرای نادروستی زۆر داتاکان لەو ماوەیەدا، بەڵام ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارو قەزا لەماوەی سەرژمێری نێوان

(**)هۆکاری دیاریکردنی ئەم ماوەیە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئاماری تۆمارکراو و دەستکەوتوو دەربارەی گەشەی سروشتی، هەروەها دیاریکردنی ماوەی (١٠) ساڵ بۆ قۆناغی یەکەم لەووەوە هاتووە ماوەی زۆربەی سەرژمێریەکان لەعێراقدا (١٠)، دیاریکردنی (٢٠٠٩) بۆ بوونی داتای پرۆسەی گەمارۆ سازی(حصر وترقیم) کەلەهەرێم ئەنجامدرا، دیاریکردنی ساڵی (٢٠١٢) دواساڵی ماوەی توێژینەوەکەیە.

ساڵانی (١٩٩٧-٢٠٠٩) دابەزیوە، بەشێوەیەك ڕێژەی گەشەی شار بۆتە (٣.٩٪) و ڕێژەی شارنشینی لەقەزادا بووە بە(٢.٧٪) ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارنشینی قەزاکە بەڕێژەی (٦.٨٪) دابەزیوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاسایی بوونەوەی باردۆخی هەرێمی کوردستان بەگشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی، بەجۆرێك شەری ناوخۆ کۆتایی هات ئەمەش وایکرد بەشێکی زۆر لە ئاوارەکانی شەڕ بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان و ئاوارەی گوندەکان بەهۆی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان و بردنی بەشێك لەخزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بەرەو ناوچەکانی خۆیان گەڕانەوە، بەلاَم ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شار و شارنشینی قەزا لەماوەی سەرژمێری ساڵانی (٢٠٠٩ – ٢٠١٢) زۆر بەرزبۆوە بەتایبەتی شارنشینی قەزا بوو بە (١٦٪) کەواتە بەراورد بەماوەی پێشوو (١٣.٣٪) زیادی کرد، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چوونی بەشێکی زۆر لەو خزمەتگوزارییانە بۆ ناحیەکان بەتایبەتی (چوارقوڕنە و حاجیاوا)، بوونی کۆچی بەرفراوان لەلادێکانەوە بۆ ناحیەکان لەبەر هەرزانی مسروفات و کرێی خانوو و زەوی، هەروەها پەرەدان بەو کارەی کە لەلادێکان دەیانکرد لە دەوروبەری شارەکان وەك بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرو کردنی کشتوکاڵ ،،،هتد دواجار بووە سەرهەڵدانی دیاردەی بەگوندبوون (الترييف).

**خشتەی (٢)**

**گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە و شارنشینی لە قەزای ڕانیە لەساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٢)**

| ماوە/ساڵ | گەشەی شار (٪) | گەشەی شارنشینی قەزا (٪) |
|---|---|---|
| ١٩٨٧ – ١٩٩٧ | ٥.٣ | ٩.٦ |
| ١٩٩٧ – ٢٠٠٩ | ٣.٩ | ٢.٧ |
| ٢٠٠٩ – ٢٠١٢ | ٩.١ | ١٦ |
| ١٩٨٧ – ٢٠١٢ | ٥.١ | ٦.٩ |

سەرچاوە/ ڕێژەکان دەرهێنراون پشت بەست بە خشتەی ژمارە (١)

**ڕێژەکانی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بەبەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیە دەرهێنراون[٤]:**

$$r = \left(\sqrt[t]{\frac{P_1}{P_0}} - 1\right) \times 100$$

r = ڕێژەی گەشەی ساڵانە

$P_1$ = ژمارەی دانیشتوان لەدوایین سەرژمێری

$P_0$ = ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری یەکەم

t = ماوەی نێوان دوو سەرژمێر

بەلاَم لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٢)، ڕێژەی شار و شارنشینی بەڕێژەیەکی بەرچاو بەبەراورد بە ماوەی پێشوو دابەزی، بەجۆرێك ڕێژەی گەشەی شار گەیشتە (٥,١٪) و شارنشینی (٦.٩٪)، کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەڕانەوەی زۆرێك لەخەڵکی بۆ لادێکانیان، بەتایبەتی دوای ئەو ئارامییەی هەرێمی کوردستانی گرتەوە لەدوای

(٤) د.طه حمادي الحديثي، جغرافية السكان، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٨، ص٢٩١.

ساڵانی ١٩٩١، بەرزی گەشەی شارنشینی لەبەرامبەر گەشەی شار دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی هەردوو ناحیەی چوارقوڕنەو حاجیاوا لەو ماوەیەدا، هەرچی ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٢)یە، ڕێژەی گەشەی شارو شارنشینی بەبەراورد بەماوەکانی پێشوو بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێك ڕێژەی گەشەی شار (٩.١٪) بووە بەرامبەر بە ڕێژەی (١٦٪) شارنشینی قەزاکە، واتا لەو ماوەیەدا ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شار (٥.٢٪) و ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارنشینی قەزاکەش (١٣.٣٪)، زیادی کردووە بەرامبەر بەماوەی پێشوو، ، هەروەها لەهەمان ماوەدا ڕێژەی شار (٤.٧٪) بووە بەبەراورد بەڕێژەی شارنشینی کە (٥٪) کەمی کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی خزمەتگوزاری زۆر لەناوشارو سەنتەری ناحیەکان، هەروەها گۆڕانی سەرکەپکانیش لەلادێوە بۆ ناحیە کاریگەری زۆری لەسەر ئەم ڕێژەیە هەبوو.

شێوەی (٢)

گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە و شارنشینی لە قەزای ڕانیە لەساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٢)




سەرچاوە/ کاری توێژەی، پشت بەست بەخشتەی ژمارە (٢)

### ١-٣- ڕەگەزەکانی زیادبوونی سروشتی

دانیشتوان جەستەیەکی زیندوو داینامیکی هەیە، هەر بۆیە بەردەوام لەگۆڕانکاریدایە، بەشێکی گرنگی ئەم گۆڕانەش پەیوەندی بەجیاوزی نێوان لەدایك بوون و مردنەوە هەیە، کەواتە زیادەی سروشتی بەو توخمە بنەڕەتییە دەژمێردرێت، کە کاردەکاتە سەر ڕەوتی گەشەی دانیشتوان، کەخۆی لە جیاوازی نێوان لەدایکبوون و مردن دەبینێتەوە، زیادەی سروشتی تەنها کارناکاتە سەر قەوارەی دانیشتوان، بەڵکو هۆکارێکیشە بۆ گۆڕانە دیمۆگرافییەکانی تریش، لەوانە پێکهاتەی (جۆری و تەمەنی) ئەمەش بەپێی چەند گۆڕانکارییەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و مێژووی(٥)، تاوەکو ئێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستان هیچ تۆمارێکی ورد و ڕێکوپێك لەبارەی ئامارە زیندییەکان (الاحصاوات الحیویە) لەبەردەست دانیە، ئەمەش لەبەر نەبوونی هیچ سەرژمێرییەکی تازەو

---

(٥) جەزا تۆفیق تاڵب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٥١.

پێشکەوتوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دوای جێبەجێکردنی بەرنامەی (نەوت بەرامبەر بەخۆراك) لەساڵی ١٩٩٧، ئەمە تاڕادەیەك وایکرد ئاماری لەدایکبووان لەعێراق لەڕاستییەوە نزیك بێت، بەڵام هەر بەهۆی ئەم بەرنامەیەوە کێشە بۆ دروستی ئاماری مردوان دروستبووە، چونکە زۆرێك لەخەڵکی دوای مردنی ئەندامانی خێزانەکانیان، ناوەکانیان ناسڕنەوە لەبەر بڕینی بەشەخۆراکی مانگانەکانیان و پسولەی نەوت،،،هتد، بەمەش هەڵە دەکەوێتە ناو توێژینەوەکانمان، بۆ ڕوونکردنەوەو دەرخستنی زیاتری گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری ڕانیە، لێرەدا باس لە دیاردەی لەدایك بوون و مردن دەکەین لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێوەی جیاجیا:

**١-٣- ١- لەدایکبوون**

لەدایکبوون هۆی سروشتی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانە و دیاردەیەکی بایەلۆژییە، کە لەبنەڕەتدا پەیوەندی بەحەزو ویستی خودی مرۆڤەکانەوە هەیە، بەڵام هەرچی مردنە پەیوەندی بە ئارەزوو ویستی مرۆڤەکانەوە نییە[٦]، جوڵەیەکی بەردەوامیشە، لەدایکبوون بەڕەگەزێکی سەرەکی و گرنگ دادەنرێت کەکاریگەری دەبێت لەسەر گەشەی دانیشتوان[٧]، ئەمەش زادەی چەند هۆکارێکە کە گرنگترینیان: جیاوازی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری تەندروستی و ئاستی ڕۆشنبیری و بژێوی و چاودێری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری دەوڵەت،

بۆ دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی لەدایکبوون لە زیادبوون و گەشەی سروشتی ژمارەی دانیشتوان، پێویستە یاسا و هاوکێشەی ( ڕێژەی گشتی لەدایکبوون) بەکاربهێنین، کە ڕێژەی لەدایکبووانی ساڵێکی دیاریکراومان دەداتێ بەبەراورد لەگەڵ هەموو هەزار کەسێکی سەرجەمی دانیشتوان لەو ساڵەدا، کەبەم شێوەیەیە:

(ڕێژەی گشتیی لەدایکبوون = (ژمارەی لەدایکبووان لە ساڵێکی دیاریکراو ÷ ژمارەی دانیشتوان لەناوەڕاستی ساڵ) × ١٠٠٠)[٨]

ئێمە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ڕێژەی گشتی لەدایکبووانی شار ڕانیە بەبەراورد بەقەزای ڕانیە، کە داتای لەدایکبووانمان لە مەڵبەند و نەخۆشخانەکانی شاری ڕانیە و بنکە تەندروستییەکانی دەوروبەر و ناحیەکانی سەر بەم شارە وەرگرتووە، ئەم سەرچاوانە وێنەی ڕاستەقینەی لەدایکبووانمان نادەنێ، بەتایبەتی سەرژمێرییە کۆنەکان، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك دەکرێت لەچەند خاڵکدا ئاماژەیان بۆ بکەین[٩]:

١-مردنی منداڵان لەسەرەتای تەمەنییاندا بۆتە مایەی تۆمار نەکردنیان،

٢- تاکو ئێستاش زۆر حاڵەتی لە دایکبوون لەدەرەوەی نەخۆشخانەکان ڕوو دەدەن ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لەدایکبوان لە کات و ساتی خۆی تۆمار نەکرێن،

٣- نەبوونی یاسایەك هاوڵاتیان ناچار بەتۆمارکردنی لەدایکبووەکانیان بکات،

(٦) خليل اسماعيل محمد قضاء خانقين "دراسة في جغرافية السكان", منشورات مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية, السليمانية,٢٠٠٢, ص١٠٦.

(٧) فوزي عبد سهاونة و موسى عبودة سمحة، جغرافية السكان، دار وائل للنشر، الطبعة الاولى، عمان، ٢٠٠٣، ص١٧.

(٨) المصدر نفسه، ص١٤.

(٩) هیوا ئەمین جەلال شوانی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆگەشەی شار نشینی لەپارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٧, (بلاونەکراوە).

بەڵام لە ئێستادا دانیشتوان بەتایبەتی لەناو شار و سەنتەری ناحیەکان لەبەر بوونی پێداویستی و دکتۆری پسپۆر، هەروەها کردنەوەی نەخۆشخانەی لەدایکبوون لەشاری ڕانیە لەساڵی (٢٠١٠) دانانی مەرج بۆئەوانەی لەنەخۆشخانە لەدایك دەبن، کەدەبێت لەهەمان کات و نەخۆشخانە تۆمار بکرێت، دروستکردنی گرفت بۆ ئەوانەی لەدەرەوەی نەخۆشخانەکان لەدایك دەبن، بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری دانیشتوان، هەموو ئەمانە وایانکردووە زۆربەی ئافرەتان لەکاتی منداڵبووندا ڕووبکەنە نەخۆشخانەکان، بەمەش زیاتر منداڵەکانیان لەتۆمار ژیارییەکان تۆماردەکرێن.

لەخشتە و شێوەی (٣) بۆمان دەردەکەوێت ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) ڕێژەی لەدایکبووان هەڵکشان و داکشانێکی زۆری بەخۆوە بینیوە بەتایبەتیش لەشاری ڕانیە، بەجۆرێك جیاوازی لەدایکبوون لەساڵی (٢٠٠٧ – ٢٠١٢) بریتیبوە لە (٤٢.١) لەهەزاردا، بەڵام لەقەزادا جیاوازی هەمان ماوە بریتیبوە لە (١٠.٧) لەهەزاردا، هەرچەندە ئەم ڕێژەیە بەبەراورد بەشار کەمترە بووە، بەڵام هەر ڕێژەیەکی بەرزە، هەروەها لە نێوان شارو قەزادا ئەم جیاوازییە بەرزە بەدی دەکرێت، بەجۆرێك لەساڵی (١٩٨٧) ڕێژەی لەدایکبووان لەشاردا لەهەزارا (٤٠.٧) بووە، لەبەرامبەردا لەقەزا ڕێژەکە تەنها لەهەزارا (٢١.٨) بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باردۆخە ناهەموارانەی بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەدا هاتووە، وەك گۆڕینی چوارقوڕنە لە ناحیەوە بۆ گوند لە ساڵی (١٩٨٦) وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆکرد، کردنەوەی ئوردوگا لەشاری ڕانیە لەساڵی(١٩٨٧) کە ئێستاش گەڕەکێکی فراوانە لەم شارە، کەخەڵکی گوندەکانی دەوروبەر لەوێ نیشتەجێکرابوون، ئاستی ڕۆشنبیریان نزمبوو، چونکە لەلادێ ئاستی لەدایکبوونیان بەرزبووە بەهەمان شێوە بەردەوام بوون لەشاریشدا، لەساڵی (١٩٩٢)دا ڕێژەی لەدایکبووان لەشاردا پێچەوانەی ماوەی پێشوو دابەزیو ڕێژەی لەدایکبوون لەقەزا زیادی کرد، لەهەزارا (٣٣.١) لەشار و (٢٧.٣) لەقەزا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئارامییەی لە دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١) پەیدابوو، دروستبونی یەکەم پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی (١٩٩٢) ئەمە وایکرد بەشێکی زۆر لەخەڵکی گوندەکان کەلە شارەکان نیشتەجێبوون بگەڕێنەوە بۆ سەر زێدی باوبوباپیرانی خۆیان کەگوندەکان بوون، ئەمەش کاریگەری گەورەی لەسەر لەدایکبوون لەشار جێهێشت، بەڵام لەساڵی (١٩٩٧) ڕێژەی لەدایکبوون لەشار و قەزا زیادیانکردووە بەجۆرێك شار گەیشتۆتە (٣٨.٤) لەهەزارا، قەزاش لەهەزارا (٣٥.٣)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆچەند هۆکارێك:

- بەهۆی ئەو دۆخە نەخوازراوەی شەڕی ناوخۆ لەماوەی ساڵانی ١٩٩٤- ١٩٩٨ لەهەرێمدا ڕوویدا، وایکرد خەڵکێکی زۆری پارێزگاکانی هەولێر ڕووبکەنە ناوچەی لێکۆڵینەوە، کۆچکردنی خەڵکێکی زۆری شاری کەرکوك بۆناوچەکە و مانەوەی نیشتەجێبوونی یەکجارەکی لەم شارە ئەمەش بەهۆی خراپی باری ئەمنیان لەشارەکە، بێگومان ئەوەش کاریگەری لەسەر تۆماری لەدایکبووان بەجێدەهێڵێت.

- باشبوونی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی تەندروستی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەگشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوای جێبەجێکردنی بڕیاری (٩٨٦) نەتەوەیەکگرتوەکان لەساڵی (١٩٩٧)دا، کەبەرنامەی (نەوت بەرامبەر بەخۆراك) ناسرابوو وەك لەپێشتر ئاماژەمان بۆکرد ، دووبارە لەساڵی (٢٠٠٢) ڕێژەی لەدایکبوون لەشارو قەزای ڕانیە بەرەو نزمبونەوە چووە بەبەراورد بە ماوەی پێشوو، کە شار گەیشتۆتە (٣٣.٥) و قەزاش (٢٩.٤) لەهەزارا، هۆکاری ئەم نزمبونەوەیەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕی لە ئامارەکانی

تۆمارکردنی لەدایکبوون[١٠]، هەروەها گەڕانەوەی خەڵکێکی زۆری پارێزگای هەولێر بۆشارەکەیان، ئەمەش دوای ئەوەی شەری ناوخۆ کۆتای پێهات ڕەوشی سیاسی ئاسایی بۆ کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری گەنجانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە بەشی هەرەزۆری لە ڕەگەزی نێربوون، لەساڵی (٢٠٠٢) بە ڕێژەی (٧.٠٪) دادەنرێت[١١]، بەمەش کاریکردۆتە سەر کەمبونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری، بەجۆرێك لەساڵی (١٩٩٩) ڕێژەی هاوسەرگیری لەهەزارا (٤٠.٦) بووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەساڵی (٢٠٠٢) دابەزیوە بۆ تەنها (١٦.٥) لەهەزارا.

خشتەی (٣)


ڕێژەی لەدایکبوون لەسەر ئاستی شار و قەزای ڕانیە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) لەهەزاردا

| ساڵ | ڕێژەی لەدایکبوون لەشاری ڕانیە | ڕێژەی لەدایکبوون لەقەزای ڕانیە |
|---|---|---|
| ١٩٨٧ | ٤٠.٧ | ٢١.٨ |
| ١٩٩٢ | ٣٣.١ | ٢٧.٣ |
| ١٩٩٧ | ٣٨.٤ | ٣٥.٣ |
| ٢٠٠٢ | ٣٣.٥ | ٢٩.٤ |
| ٢٠٠٧ | ١٨.٤ | ٢٢.٦ |
| ٢٠١٢ | ٦٠.٥ | ٣٣.٣ |
| تێکڕا | ٣٧.٤ | ٢٨.٢ |

سەرچاوە/ ئامادەکراوە پشت بەست بە پاشکۆی (١)

شێوەی (٣)

ڕێژەی لەدایکبوون لەسەر ئاستی شار و قەزای ڕانیە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) لەهەزاردا




سەرچاوە/ کاری توێژەی. پشت بەست بەخشتەی (١)

(١٠) جاسم محمد محمد عەلی، کەلار لەلادێوە بۆشار (گەشەکردنی شاری کەلار-کێشەو دەرئەنجامەکانی)، بلاّوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی،ن،ك)، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٥١.

(١١) پێشرەو سەمەد تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

سەرەڕای زۆری ڕێژەی جیابوونەوەش کە لەهەمان ساڵانی پێشوو ڕێژەی جیابوونەوە لەهەزارا (١.٧) بووە، بۆماوەی دواتر بۆ (٢) لەهەزارا[١٢] بەرزبۆتەوە، هەموو ئەمانەی ئاماژەمان بۆکرد هۆکاربوون بۆ نزمبوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون لەوماوەیەدا.

هەروەها ئەم ڕێژەیە لەساڵی (٢٠٠٧) لەشارو قەزا دابەزینێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتیش لەشار، بەجۆرێك ڕێژەی لەدایکبوون بۆتە (١٨.٤) لەهەزارا، ئەمەش بەبەراورد بەماوەی پێشوو ڕێژەکە لەهەزارا (١٥.١) کەمیکردووە، لەقەزادا ڕێژەکە لەهەزارا (٢٢.٦) بووە ، ئەمەش بەبەراورد بەساڵی (٢٠٠٢) ڕێژەی (٤.٢) لەهەزارا دابەزیوە، هۆکاری ئەم نزمبوونەوە زۆرەش بەتایبەتی لەشاردا دەگەڕێتەوە بۆ:

- گەڕانەوەی ئەو ژمارەی زۆرەی خەڵکی کەرکوك بەتایبەتی لە دوای ئازادکردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)دا،
- بەردەوامبوونی کۆچ و گەڕانەوەی خەڵکی شارەکانی هەولێرو سلێمانی بۆ ناوچەکانی خۆیان.
- بەردەوامبوونی کۆچی گەنجانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ هەندەران، کەئەمەش کاریگەری دەبێ لەسەر کەمبونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری.

هەرچی تایبەتە بە ڕێژەی لەدایکبووان لەساڵی (٢٠١٢) ڕێژەی شار و قەزا بەرزبونەتەوە بەجۆرێك شار گەیشتۆتە (٦٠.٥) لەهەزارا، ڕێژەکە لەقەزادا بووە بە (٣٣.٣) لەهەزارا، ڕێژەی لەدایکبووان لەشاردا لەساڵی (٢٠١٢) بەبەراورد لەگەڵ ساڵی (٢٠٠٧) زۆر زیادی کردووە، کە جیاوازی ڕێژەی لەدایکبووان لە نێوان ئەم دووساڵەدا لەهەزارا (٤٢.١) بووە ، بەڵام لەقەزا جیاوازییەکە کەمتر بووە، کە تەنها لەهەزارا (١٠.٧) بووە، ئەم جیاوازییە زۆرەش بەتایبەتی لەشار بۆچەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە گرنگترینیان بریتین لە:

- کردنەوەی نەخۆشخانەیەك لەساڵی (٢٠١٠) کەتایبەت بوو بە(منداڵان و منداڵبوون) لەشاری ڕانیە، کەپێداویستی و پسپۆڕی تایبەتی بۆدابینکرا، بەمەش لەدوای ئەم بەروارەوە زۆربەی حاڵەتەکانی لەدایکبوون لەم نەخۆشخانەیە تۆمارکراون، کەتەنها لە شەش مانگی کۆتایی ساڵی (٢٠١٠) تۆماری لەدایکبوون (٣٦٠٠) منداڵبووە، دواتر لەساڵی (٢٠١١) بۆ (٤٠٤٠)منداڵ بەرزبۆتەوە، جارێکی تر ئەم ژمارەیە لەساڵی (٢٠١٢) بۆ (٥٠٨٠) زیادیکردووە، ئەمەش لەبەر بوونی دکتۆری پسپۆڕو پێداویستی تایبەت[١٣].
- نزیکی مەڵبەندو بنکە تەندروستییەکانی دەرەوەی شار وەك بنکەکانی (چوارقونەو حاجیاواو سەروچاوە و شکارتە) لەشاری ڕانیەوە، ئەمەش دوایکردنەوەی ئەم نەخۆشخانەیە وایکرد خەڵکی بۆ حاڵەتی لەدایکبوون ڕوویکەنە ناوشار.
- دەرکردنی بڕیارێك، کە هەر منداڵێك لەهەر نەخۆشخانەیەك لەدایك ببێت دەبێت لەم نەخۆشخانەیە تۆمار بکرێت، کەپێشتر ئەم بڕیارە نەبوو، ئەمەش وایکرد ڕێژەی لەدایکبووان لەشار بەرامبەر بەقەزا زۆر بەرزبێتەوە،
- دوای کردنەوەی (بەیان ولادە) لەم ساڵانەی دوای لە ناحیەی بالیسانی سەر بەپارێزگای هەولێر، کە لە پێشتر هیچ لەدایکبوونێك لە بالیسان تۆمار نەدەکرا، لەبەر نزیکی سنوری ئیداریان ڕوویان دەکردە ناحیەی بێتواتەی سەر بە قەزای ڕانیە، بەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر کەمبوونەوەی تۆماری لەدایك بوون لەناوچەکەدا.

(١٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١٣) بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی (منداڵان و منداڵبوون)، کارگێڕی، ٢٠١٣، (بڵاونەکراوە).

به سەیرکردنی خشتەی ژمارە (٣) بۆمان دەردەکەوێت تێکڕای ڕێژەی لەدایکبوون لەشارو قەزا جیاوازی زۆری هەیە بەجۆرێك لەشار دەگاتە لەهەزارا (٣٧.٤) ، بەڵام لەقەزادا لەهەمان ماوە دەگاتە لەهەزارا (٢٨.٢) ، کە جیاوازی نێوان شار و قەزا دەگاتە لەهەزارا (٩.٢)، هەروەها ڕێژەی لەدایکبووان لەشاردا بەپێی یاسای ڕێژەی جیهانی لەدایك بووان بەرزە، چونکە یاساکە دەڵێت: (ئەگەر ڕێژەی لەدایکبوون لەهەزارا (٣٠) تێپەڕاند ئەوا ڕێژەکە بەرزە، ئەگەر لە نێوان (٢٠ – ٣٠) لەهەزارا بێت ئەو مام ناوەندە، وە ئەگەر ڕێژەکە لەهەزارا (٢٠) کەمتربێت ئەوا بەڕێژەیەکی کەم هەژمار دەکرێت[١٤])، کەواتە تێکڕایی ڕێژەی لەدایك بوون لەشاردا دەچێتە چوارچێوەی (ڕێژەی بەرز) ەوە، بەڵام لەقەزا دەچێتە چوارچێوەی (مامناوەند) ەوە.

**١-٣-٢- مردن :**

مردن دوولایەنی بایۆلۆژی هەیە، یەکەم: ماوەی ژیان، واتە ئەو تەمەنە درێژەی کەمرۆڤ، پێدەگات، دووەم: تەمەن درێژی واتا توانای زیندوو مانەوەی مرۆڤ، توانای ڕووبەڕو بوونەوەی مردن بەگشتی دیاردەیەکی بایۆلۆژییە، لەکاتێکدا تەمەن درێژی توخمی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی تری هەیە، هەروەها مردن بەتوخمێکی گرنگی گەشەی دانیشتوان دادەنرێت و دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان[١٥]، لەو کۆمەڵگایانەی کەنەخۆشی هەژاری و برسیەتی ونەزانی تێدا زۆرە ئەوا ڕێژەی مردن بەرزە، بەڵام کۆمەڵگایەك کە خزمەتگوزاری تەندروستی و خۆراکی باش بێت و ئاستی ڕۆشنبیرو زانستیان بەرزبێت ڕێژەی مردن نزم دەبێت، هەمیشە لە حاڵەتی ئاسیدا ڕێژەی مردن کەمترە لە لەدایکبوون، بەڵام لەکاتە نائاسییەکاندا وەك ڕوودانی بومەلەرزەو لافاو، وە لەحاڵەتی برسیەتی و شەڕدا، ئەوا ڕێژەی مردن لە لەدایکبوون زیاتر دەبێت[١٦].

مرۆڤ، لەو ڕۆژەوەی لەسەر زەوی پەیدابووە، ویستویەتی بەرەنگاری مردن ببێتەوە، لەم لایەنەشەوە پێناوەتە قۆناغێکی نوێی و سەرکەوتوەوە، لێهاتوی لەم بوارەدا تادێت زیاد دەکات، هەروەها وەك ئاشکرایە کەمبوونەوەی ڕێژەی مردن لەلایەکەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەتەمەنەکان، لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، کەئەمەش بەهۆی کەمبوونەوەی قەبارەی مردنەوە ڕوودەدات[١٧]، هەروەها بۆزانین و دەرخستنی ڕێژەی مردن هاوکێشەی (ڕێژەی گشتی مردن) بەکاردەهێنین، کەژمارەی مردوان دەردەخات لەساڵێکدا بەبەراورد لەگەڵ هەر هەزارکەسی سەرجەمی دانیشتوان لەم ساڵەدا ئەویش بەم شێوەیەدەبێت[١٨]:

$$\left( \text{ڕێژەی گشتی مردن} = \frac{\text{ژمارەی مردووان لەساڵێکی دیاریکراو}}{\text{ژمارەی دانیشتوان لە ناوەڕاستی ساڵ}} \times ١٠٠٠ \right)$$

(١٤) حەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

(١٥) د.فوزی عبد سهاونه و موسی عبوده سمحه، جغرافیه السکان، المصدر السابق، ص٩٦.

(١٦) پێشڕەو سەمەد تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

(١٧) خلیل اسماعیل محمد قضاء خانقین، دراسة في جغرافیة السکان، المصدر السابق، ص١١٦.

(١٨) د.فوزی عبد سهاونه و موسی عبوده سمحه، جغرافیه السکان، المصدر السابق، ص١٤.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە ڕێژەی مردن لەشارو قەزای ڕانیە بەپێی ئەو داتاو زانیاریانەی لەتۆمارەکانی نێو بنکەو مەڵبەندە تەندروستییەکان بەدەستهاتوون، وەك لە خشتەی (٤) لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) هەڵبەزو دابەزێکی زۆری لەشاری ڕانیە هەروەك ڕێژەی لەدایکبوون بەخۆوە بینیوە، بەجۆرێك ڕێژەی مردن لەساڵی (١٩٨٧) لەشاری ڕانیە لەهەزارا (٢) و لەقەزا لەهەزارا (٠.٨) بووە، واتا جیاوازی نێوانیان لەهەزارا (١.٢) بووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی شار زیاتر گرنگیان بەتۆماری مردوان داوە، ئەم ڕێژەیە لەساڵی (١٩٩٢) بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بۆوە، بەجۆرێك ڕێژەی مردوانی شار گەیشتە لەهەزارا (٣.١) لەبەرامبەردا ڕێژەی مردوانی قەزا گەیشتە لەهەزارا (١.٥)، ئەمەش هەر بۆبەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری دانیشتوان دەگەڕیتەوە بەوەی مردوانیان لە نەخۆشخانەکان تۆماردەکرد، هەروەها لەماوەی ساڵانی (١٩٩٧ -٢٠٠٢) دووبارە ڕێژەی مردووان دابەزی، وە تاڕادەیەکی زۆر لێك نزیك بوونەوە لەنێوان ڕێژەی مردوانی شارو قەزا ڕوویدا بەجۆرێك کە ڕێژەی مردوانی شار لەو دوو ماوەیەدا هاوتا بوو کە گەیشتە لەهەزارا (١.٣)، وە ڕێژەی مردوان لەقەزادا لەساڵی (١٩٩٧) گەیشتە لەهەزارا (١.٢) بەڵام لەساڵی (٢٠٠٢) دابەزی بۆ لەهەزارا (١.١) ، هۆکاری ئەم نزمبوونەوەیەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ تۆمارنەکردنی مردووان لەتۆمارەکان بەتایبەتی دوای جێبەجێکردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراك.

خشتەی (٤)


ڕێژەی مردووان لەسەر ئاستی شار و قەزای ڕانیە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) لەهەزاردا

| ساڵ | ڕێژەی مردووان لەشاری ڕانیە | ڕێژەی مردووان لەقەزای ڕانیە |
|---|---|---|
| ١٩٨٧ | ٢ | ٠.٨ |
| ١٩٩٢ | ٣.١ | ١.٥ |
| ١٩٩٧ | ١.٣ | ١.٢ |
| ٢٠٠٢ | ١.٣ | ١.١ |
| ٢٠٠٧ | ٢.٨ | ١.٣ |
| ٢٠١٢ | ١.٣ | ٠.٧ |
| تێکڕا | ١.٩ | ١.١ |

سەرچاوە/ ئامادەکراوە پشت بەست بە پاشکۆی ژمارە (١)

**خشتەی (٤)**

**ڕێژەی مردووان لەسەر ئاستی شار و قەزای ڕانیە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) لەهەزاردا**




سەرچاوە کاری توێژەر: پشت بەست بە خشتەی (٤)

لەساڵی (٢٠٠٧) دوبارە ڕێژەی مردوان بەرزبۆتەوە بەتایبەتی لەشار کە گەیشتۆتە لەهەزارا (٢.٨) ، لەقەزادا گەیشتۆتە (١.٣) بەجۆرێك جیاوازیەکی زۆر بەدیدەکرێت لەنێوان شارو قەزادا، کە لەهەزارایە (١.٥) ، هۆکاری ئەم بەرزبونەوەیەش ناگەڕێتەوە بۆ خراپی باری تەندروستی، بەڵکو هۆکاری سەرەکی تۆمارکردنی ناوی مردوانە لەتۆماری بنکە تەدروستییەکان بەتایبەتیش لەشاردا، کردنەوەی بنکەی زیاتری تۆماری مردووان، ئەوەی تایبەتە بەساڵی (٢٠١٢) ڕێژەی مردن بەشێوەیەکی زۆر دابەزیوە بەتایبەتیش لە قەزادا لەهەزارا (٠.٧) بووە، کەمترین ڕێژەی تۆمارکراوە لەو ماوەی وەرمانگرتوە، هەروەها ڕێژەکە لەشاردا لەهەزارا (١.٣) بووە، دەتوانین ئەم دابەزین و جیاوازییەی نێوان شارو قەزا بگەڕێنینەوە بۆ چەند هۆکارێك:

- بەرزبوونەوەی ئاستی تەندروستی و ئابوری و ڕۆشنبیری و زانیاری دانیشتوان.
- تۆمار نەکردنی بەشێك لە مردووان بەتایبەتیش لە گوندو ناحیەکانی سەر بەشاری ڕانیە.
- هێنانی هەموو مردوانی کارەساتەکان بۆ شاری ڕانیە بۆ پزیشکی دادوەری کەبەس لەساڵی (٢٠١٢) دا (٥٦) مردوو بەکارەسات تۆمارکراوە[١٩]، بێگومان ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردووان لەشار بەامبەر بە قەزا.

ڕێژەی مردن لەشاری ڕانیە بەبەراورد بەوڵاتانی پێشکەوتوو زۆر نزمە، تێکرایی ڕێژەی مردن لەماوەی ساڵانی نێوان (١٩٨٧ – ٢٠١٢) لە شاردا لەهەزارا (١.٩) و لەقەزادا لەهەزارا (١.١) بووە، واتا لەقەزادا ڕێژەی مردن لەهەزارا (٠.٦) لەشار کەمتربووە ، نزمی ئەم ڕێژەیە دەگەڕێتەوە بۆ:

- بەشێوەیەکی گشتی هەموو مردوان لەنەخۆشخانەکان تۆمارنەکراون بەتایبەتیش لە قەزادا.

(١٩) بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، بەشی پزیشکی دادوەری، بەشی کارگێری، ٢٠١٣/١/٢٧، (بڵاونەکراوە).

- زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، بەجۆرێك، كە ژمارەی مردوان تاڕادەیەك لێك نزیك بوو لەنێوان ساڵەكان، بەڵام بەپێچەوانەوە ژمارەی دانیشتوان ساڵ بەساڵ زیادیكردووە ئەمەش كاریگەری هەبووە لەسەر دابەزینی ڕێژەی مردن.

- زۆربەی حاڵەتەكانی مردن لەناوچەی لێكۆڵینەوە لەدەرەوەی نەخۆشخانەكان ڕوو دەدەن.
- نزمی ئاستی ڕوشنبیری و هۆشیاری دانیشتوان.
- بڕیاری (٩٨٦) نەتەوەیەكگرتوەكان سەبارەت بە (نەوت بەرامبەر بەخۆراك)، زۆربەی دانیشتوان مردووەكانیان تۆمارناكەن بۆ ئەوەی بڕی خۆراكی مانگانەیان نەبڕێت.
- گرنگی پێنەدانی  تۆماری ڕێژەی مردووان لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە، بەوە تاكو ئێستا یاسایەكی بۆ ئەم بابەتە دانەناوە كە ئەوكەسانە سزابدرێن كە مردووانیان تۆمارناكرێن.

لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت، كە گەشەی سروشتی دانیشتوانی شار و قەزای ڕانیە، پشت بەست بەئامارەكانی نەخۆشخانەو بنكە تەندروستییەكان و پزیشكی دادوەری، لەناوشارو دەوروبەری شار وەرگیراون، وەك لەخشتە و شێوە (٥)، لەماوەی ساڵانی نێوان (١٩٨٧-٢٠١٢) ڕوونكراوەتەوە و ئاماژەی بۆكراوە، كە هەڵبەزو دابەزی زۆر لە گەشەی سروشتی شارو قەزادا بەدیدەكرێت، بەجۆرێك ڕێژەی گەشەی سروشتی لەشاری ڕانیە لەنزمترین ئاست گەیشتۆتە لەهەزارا (١٥.٦) لەساڵی (٢٠٠٧)، بەڵام لەساڵی(٢٠١٢) گەشەی سروشتی لەشار و لەقەزادا بەرزترین ئاستی بەخۆوە بینیوە بەجۆرێك گەیشتۆتە لەهەزارا (٥٩.٢) ، كەجیاوازی نێوان ئەو دوو ماوەیە لەهەزارا (٤٣.٦)، ئەم ڕێژە بەرزە بەشێكی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە لەداتا تۆمار كراوەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە، بەشێكی تری دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی توانی لەدایك بوون، هەروەها هۆكارێكی تری دەگەڕێتەوە بۆ دوای كردنەوەی نەخۆشخانەی (منداڵان و منداڵبوون) لەشاری ڕانیە كەوایكرد، زۆرترین لەدایكبوون لە سنوری قەزاكەدا ڕابكێشێت، بەهۆی بوونی كارمەندی پسپۆڕو ئامێری پێشكەوتوو، هەروەها جیاوازی و بەرزی و نزمی لە ڕێژەی گەشەی سروشتی قەزاشدا بەدیدەكرێت، بەجۆرێك لەساڵی (١٩٨٧) نزمترین ئاستی گەشەی بەخۆوە بینیوە و گەیشتۆتە (٢١) لەهەزارا، بەڵام لەساڵی (١٩٩٧) بەرزبۆتەوە بۆ بەرزترین ئاست كە لەهەزارا (٣٤.١) بووە، هەروەها تێكڕایی گەشەی سروشتی شار گەیشتۆتە لەهەزارا (٣٥.٤)، بەڵام تێكڕایی گەشەی سروشتی قەزا لەهەزارا (٢١.١) ، واتا جیاوازی نێوان تێكڕایی شارو قەزا لەهەزارا (٨.٣)بووە.

خشتەی (٥)

گەشەی سروشتی لەسەر ئاستی شار و قەزای ڕانیە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) لەهەزاردا

| ساڵ | گەشەی سروشتی شاری ڕانیە | گەشەی سروشتی قەزای ڕانیە |
|---|---|---|
| ١٩٨٧ | ٣٨.٧ | ٢١ |
| ١٩٩٢ | ٣٠ | ٢٥.٨ |
| ١٩٩٧ | ٣٧.١ | ٣٤.١ |
| ٢٠٠٢ | ٣٢.٢ | ٢٨.٣ |
| ٢٠٠٧ | ١٥.٦ | ٢١.٣ |
| ٢٠١٢ | ٥٩.٢ | ٣٢.٦ |
| تێكڕا | ٣٥.٤ (*) | ٢٧.١ |

سەرچاوە/ ئامادەكراوە پشت بەست بە خشتەكانی  (٣) و (٤).

(*) ئەم ڕێژەیە بەبەراورد بە قەزای ڕانیە و شاری سلێمانی لەهەمان ماوەدا زۆربەرزترە، کەقەزاری ڕانیە لەهەمان ماوەدا (٢٧.١) لەهەزارابووەو شاری سلێمانیش (٢٨.٥) لەهەزارا بووە لەهەمان ماوەدا، بڕوانە: کامران طاهر سعید، توسع مدینة السلیمانیة بتأثیر الاسر الحضري (دراسة في جغرافیة المدن)، منشورات مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة، ٢٠١٢، ص٧١.

شێوەی (٥)

گەشەی سروشتی لەسەر ئاستی شار و قەزای رانیە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) لەهەزاردا




سەرچاوە/ کاری توێژەر: پشت بەست بەخشتەی ژمارە (٥)

ئەم جیاوازییە زۆرو هەڵبەزو دابەزە لەنێوان گەشەی سروشتی شار و قەزایی ڕانیە لە نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٢)، تێکڕاکانی گەشەی سروشتی شار و قەزاش، بەرزترن بەبەراورد بە تێکڕایی گەشەی سروشتی پارێزگای سلێمانی، کە ماوەی ساڵانی (١٩٩٨ -٢٠٠٢) گەشەی سروشتی لەهەزارا (١٣.٦) بووە[٢٠]، هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی لەدایکبوون و نزمی ئاستی مردن و تۆمارنەکردنی بەشێکی زۆری مردووان لە نەخۆشخانەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**تەوەری دووەم: ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر زیادبوونی سروشتی دانیشتوان لەشاری ڕانیە**

زیادبوونی سروشتی دانیشتوان لەئەنجامی کۆمەڵێك هۆکارەوە سەرچاوە دەگرێت کە گرنگترینیان بریتین لە:

**١-٢- هاوسەریەتی (ژنهێنان و شوکردن) ی پێش وەخت:** بێگومان هاوسەرگیری پێشوەخت هۆکارێکی گرنگە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی منداڵبوون، چونکە دەبێتە زیادبوون و درێژبوونەوەی ماوەی پرۆسەی لەدایکبوون لەلایەن ژنەوە، کە (د. شاکر خصباك) پێوایە، باشترین تەمەنی ژنی کورد لەم لایەنەوە تەمەنی (١٤ – ١٧) ساڵییە[٢١]، تەمەنی هاوسەریەتی بەتایبەتی بۆ مێینە کاریگەری زۆری هەیە، بەجۆرێك هاوسەریەتی لەتەمەنی (١٨) ساڵیدا

(٢٠) عطا محمد علاء الدین، قضاء هەڵبجة (دراسة في الجغرافیة الاقلیمیة)، مرکز دراسات الکردیة (کوردۆلۆجی)، مطبعة تیشك، ط١، السلیمانیة، ٢٠٠٨، ل١٥٧.

(٢١) شاکر خصباك، العراق الشمالي (دراسة لنواحیة الطبیعیةو البشریة)، مطبعة شفیق، بغداد، ١٩٧٣، ص٢٤٧.

دووبەرامبەری تەمەنی هاوسەریەتی لە (٢٨) ساڵیدا منداڵی لێدەکەوێتەوە[٢٢]، دیاردەی زوو شوکردن لەشاری ڕانیە دیاردەیەکی باوە، لەساڵی (٢٠٠٨)دا گروپی تەمەنی مێینە (١٦-٢٤) ساڵی لە (٧٦٪) کۆی هاوسەریەتییان پێکهێناوە، لەساڵی (٢٠١٢) ئەم ڕێژەیە هەربەبەرزی ماوەتەوە گەیشتۆتە (٧٥٪)، بەڵام گروپی تەمەنی مێینە لە ماوەی ساڵانی (٢٥ – ٥٠) تەنها (٢٥٪) کۆی هاوسەریەتییان پێکهێناوە[٢٣]، کەواتە ئەمە لێرەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە ڕێژەی دیاردەی هاوسەریەتی پێشوەخت زۆر بەرزە، بێگومان ئەمەش هۆکارێکی کاریگەرە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەدایك بووان و زیادبوونی سروشت.

٢-٢- **فاکتەری ئاینی**: وەك زانراوە زۆربەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و شاری ڕانیەش موسڵمانن، ئاینی ئیسلام لەچەند لایەکەوە کاریگەری لەسەر دیمۆگرافی کۆمەڵگا دروست دەکات، بەجۆرێك لەلایەکەوە هانی ژنهێنان دەدات لەلایەکی ترەوە هانی منداڵبوون، لەلایەکی ترەوە (لەباربدنی منداڵ) بەحەرام کوشتن دادەنێت وەك لە سوڕەتی (الاسراء) خوای گەورە دەفەرموێت: (( وَلاَتَقْتُلُواْ أَوْلَدَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْئاً كَبِيراً))[٢٤]، هەروەها هانی ژنهێنان و شوکردن دەدات و دژو ڕقی لەتەڵاقە بۆنموونە پێغەمبەر لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت ((أبغض الحلال الى الله من الطلاق))[٢٥] کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دیاردەی تەڵاق و درێژەدان بەپەیوەندی هاوسەریەتی، بەمەش هەلی زیاتر بۆ منداڵ بوون دەڕەخسێنێت، هەروەها خوای گەورە لە سوڕەتی (النساء) دەفەرموێت (( وَ إِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تُقْسِطُواْ فِي الْيَتَمَى فَانكِحُواْ مَاطَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَآءِ مَثْنَى وَثُلَثَ وَرُبَعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُواْ فَوَحِدَةً أَوْ مَامَلَكَتْ أَيْمَنُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلاَّتَعُولُواْ))[٢٦]، بەپێی ئەم ئایەتەش خودای گەورە زیاتر لە ژنێك حەڵاڵ دەکات، یاخود پێغەمبەر (د.خ) لەفەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت: ((تزوجوا الودود الولود فإني مكاثر بكم الأمم يوم القيامة[٢٧])) کەئەمەش هانی منداڵبوونی زیاتر دەدات، بێگومان لەکۆمەڵگایەك کە زۆرینەی موسڵمان بێت، هەموو ئەو ئایەت و فەرموودانەی ئاماژەمان بۆکرد هۆکاری کاریگەرن لەسەر زیادبوونی دانیشتوان لەشاری ڕانیە.

٢-٣- **بەرزی ڕێژەی توانایی لەدایکبوون (پیتی)** : پیتی کردارێکی تێکەڵ و ئاڵۆزە، کە هۆکارە لەبەردەم بوونی کۆمەڵ و لایەنی بنچینەیی لێکۆڵینەوە دیمۆگرافییەکان، کەواتە پیتی ئافرەت توانای زاوزێیە لە هەلومەرجی سروشتیدا، دیمۆگرافییەکان ئەم زاراوەیە پیتی (Fertility) ئاماژەیە بە پرۆسەی ڕاستەقینەی زاوزێ، لەلایەکی ترەوە پیتی زیندەگی (حيوي) توانایی فسیۆلۆژیی ئافرەتە بۆ سکپڕی و منداڵبوون[٢٨]، هەروەها بەرزی ڕێژەی

(٢٢) جەزا تۆفیق تاڵب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.

(٢٣) وەزارەتی داد، دادگای باری کەسیەتی ڕانیە، کارگێڕی، بەشی تۆماری هاوسەرێتی (زەواج)، زانیاری دەربارەی ڕێژەی هاوسەرێتی لەساڵی (١٩٩٧ - ٢٠١٢ )دا، (بڵاونەکراوە).

(٢٤) القرأن الكريم، سورة الاسراء، من أية (٣١).

(٢٥) ابو داود سليمان بن الأشعث بن اسحاق ، سنن ابي داود، المكتبة العصرية، ، صيدا- بيروت، بدون سنة طبع، ج٢ص٢٥٥.

(٢٦) القرأن الكريم، سورة النساء، من أية (٣).

(٢٧) أحمد بن الحسين بن علي البيهقي، السنن الصغير، جامعة الدراسات الإسلامية، كراتشي-باكستان، ط١، ١٩٨٩، ج٣، ص١٠.

(٢٨) خەلیل ئیسماعیل محەمەد، ڕەوشەکانی پیتی و زاوزێ لە پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٢٧)، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١١١.

مێینە لە تەمەنی منداڵبووندا، بەهۆکارێکی گرنگی بەرزبوونەوەی ڕێژەی پیتی دەژمێردرێت[٢٩]، لەساڵی (٢٠٠٢) دا دەرکەوتووە ڕێژەی مێینەی تەمەن (١٥ – ٤٥) ساڵ لەشاری ڕانیە (٥١٪) ی کۆی مێینەی ئەم شارەی پێکهێناوە، لەکاتێکدا گرووپی (٠ - ١٤) ڕێژەی (٣٨٪) ی  مێینەی پێکهێناوە، هەروەها گرووپی مێینەی تەمەن (٤٦ ساڵ زیاتر)، ڕێژەی (٩.٨٪) پێکهێناوە، بڕوانە خشتەی (٦).

خشتەی (٦)


ڕێژەی گرووپی تەمەنییە مێینەکان لەشاری ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٢)

| گرووپە تەمەنیەکان | ڕێژەی مێینەکان (٪) |
|---|---|
| ٠ – ١٤ | ٣٨ |
| ١٥ – ٤٥ | ٥١ |
| ٤٦ زیاتر | ٩.٨ |

سەرچاوە/ مدرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنية الخدمية الارتكازية للأقليم كردستان العراق، محافضة السليمانية، خلاصة نتائج التعداد السكان مدينة رانية لسنة ٢٠٠٢، ص٣.

خشتەی (٦)

ڕێژەی گرووپی تەمەنییە مێینەکان لەشاری ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٢)




سەرچاوە/ کاری توێژەر: پشت بەست بە خشتەی (٦).

**٢-٤- فاکتەری ئابوری و کۆمەڵایەتی:** لەکۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بەگشتی و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی هەرلەکۆنەوە ئەوخێزانانەی کە ژمارەی منداڵیان زۆرە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگیان هەیە بەتایبەتی لەکۆمەڵگا دێهاتییەکاندا، چونکە ئەو خێزانانەی ژمارەی منداڵیان زۆرە بەپاڵپشتێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو خێزانە دادەنرێت، ئەمە وێڕایی ئەوەی خێزانەکان لەگوندەکان بەشێوەیەکی سەرەکی پشت ئەستورن بەژمارەی منداڵەکان، چونکە ئەوان دەستی کارن لەبواری کشتوکاڵدا و یارمەتی دەری خێزانەکانیانن، هەروەها زۆری

(٢٩) حەمزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.

ژمارەی منداڵ توخمێکی گرنگە بۆ پاراستنی خێزان، کۆڵەکەیەکی بەهێزن، ئەمەش تایبەت نییە تەنها بەگوندنشینەکانەوە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی لەسەر دانیشتوانی شارەکانیش دەبێت، بەجۆرێك دەوەستێتە سەر ڕادەی پێشکەوتنی شارەستانی و ڕۆشنبیری دانیشتوان و باری ئابورییان[٣٠].

هەرچەندە ئێستا ئەم کاریگەرییە لەشاری ڕانیە کەمتر بۆتەوە، بەڵام هەرماوە چونکە خەڵك ئێستاش لەلادێکانی دەورو بەریەوە بەرەو شار کۆچ دەکەن، کەزۆربەیان کلتور و مۆرکی لادێیان پێوەدیارە، ڕانیە لەبەرئەوەی لە دەشتێکی فراوان هەڵکەوتووە ئەمە وایکردووە زۆربەری دانیشتوانەکەی بەتایبەتیش لەڕابردوودا پیشەکەیان کشتوکاڵ بێت، بەمەش پێویستیان بەدەستی کار زۆر بووە بەمەش منداڵی زۆریان خستۆتەوە، وە هەمیشە حەزوئارەزووی زۆربەی خێزانەکان بەلای ڕەگەزی نێر دابووە، ئێستاش ئەم دیاردەیە لەناو زۆرێك لە خێزانەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ماوە.

**٢-٥- زۆربوونی تەڵاق و جیابوونەوە (طلاق والتفريق):** وەك چۆن هاوسەرگیری هۆکارێکە بۆ زیادبوونی لەدایکبووان، بەهەمان شێوە تەڵاق و جیابوونەوە هۆکارێکن بۆ کەمبوونەوەی لەدایك بوون، بەم پێیەش ئەم دیاردەیە تاوەکو زۆرتربێت، لەدایکبوون کەمتردەبێت، لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا ئامارەکان دەریان خستوە کەلەماوەی ساڵانی (١٩٩٧ – ٢٠١٢) بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی جیابوونەوە بەرزبۆتەوە، بەجۆرێك لەماوەی ساڵانی (١٩٩٧-٢٠٠٢) ڕێژەی جیابوونەوە (٤.٨٪) بووە، بەڵام ڕێژەکە لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٧) بەرزبۆتەوە بۆ (٩.٨٪)، هەروەها ڕێژەی جیابوونەوە بەردەوام بووە لەبەرزبوونەوە بەجۆرێك لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠١٢) گەیشتۆتە (١٣.٨٪)، وە تێکڕایی ماوەی ساڵانی (١٩٩٧-٢٠١٢) بریتیبوە لە (٨.٨٪)، بڕوانە خشتەی (٧).

**خشتەی (٧)**

**هاوسەرگیری و جیابوونەوە لەشاری ڕانیە لەماوەی ساڵانی (١٩٩٧ – ٢٠١٢)**

| ساڵ | هاوسەرگیری | جیابوونەوە | جیابوونەوە لەکۆی هاوسەرگیری (٪) |
|---|---|---|---|
| ١٩٩٧ – ٢٠٠٢ | ١٩٦٠ | ٩٦ | ٤.٨ |
| ٢٠٠٢ – ٢٠٠٧ | ١١٥٨ | ١١٤ | ٩.٨ |
| ٢٠٠٧ – ٢٠١٢ | ١٣٤٧ | ١٨٦ | ١٣.٨ |
| ١٩٩٧-٢٠١٢ | ١٤٨٨ | ١٣٢ | ٨.٨ |

سەرچاوە/ ئامادەکراوە: پشت بەست بەپاشکۆی (٢)

لەشێوەکەدا دەردەکەوێت کەجیابوونەوە بەشێوەیەکی ڕاست بەرزدەبێتەوە، کەئەمەش نیشانەی بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوەیە لەبەرامبەر ڕێژەی هاوسەریەتی، هۆکاری ئەم بەرزبوونەوەی ئەم ڕێژەیەش لەشاری ڕانیە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە:


- پابەند نەبوونی دینی و ئەخلاقی وەك ( خیانەتی هاوسەرگیری)، ئەمەش هۆی خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێت و مۆبایل ..... هتد.

(٣٠) خليل اسماعيل محمد قضاء خانقين، دراسة في جغرافية السكان، المصدر السابق، ص١١٤،

- دەستتێوەردانی کۆمەڵگا لەکاروباری هاوسەرەکان.
- خراپی باری دارایی.
- نەبوونی ڕۆشنبیری سێکسی لەنێوان هاوسەراندا.

**شێوەی (٧)**

**جیابوونەوە لەشاری ڕانیە لەماوەی (١٩٩٧ - ٢٠١٢)**




سەرچاوە/ ئامادەکراوە: پشت بەست بەپاشکۆی (٧)

**بەهۆی ئەوەی کە جیابوونەوە بەشێوەیەکی بەردەوام لەزیادبووندایە لەناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەوا بەشێوەیەك لەشێوەکان کاریکردۆتە سەر نزم بوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون، بەمەش کاریگەری دروست دەکات لەسەر گەشەی سروشتی.**

**٢-٦- هۆکارەکانی مردن:** **هۆکارەکانی مردن بەگشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی زۆرن ئێمە ئاماژە بۆگرنگترینیان دەکەین کە کاریگەریان هەبووە لەسەر گەشەی سروشتی ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

**- زۆربوونی کارەساتەکانی وەکو (هاتوچۆو کێشە کۆمەڵایەتییەکان و شەڕو نائارامی،،،هتد) بەردەوام لەزیادبووندایە بەمەش وایکردووە ڕێژەی مردن لەشار بەرزبێتەوە، بۆنموونە تێکڕای مردن بەهۆی کارەساتەکانەوە لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٦ - ٢٠١٢)دا بۆ هەرساڵێك (٥٧) کەس بووە[٣١] ، واتا لەوماوەیە ڕێژەی مردووانی کارەساتە تۆمارکراوەکان نزیکەی (٢٢٪) هەموو مردووانی شاری پێك هێناوە[*].**

(٣١) بەڕێوە بەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، پزیشکی دادوەری، سەرچاوەی پێشوو.

(*) ئەم ڕێژەیە دەرهاتووە بە (کۆی تۆماری مردووانی کارەساتەکان ÷ کۆی تۆماری گشتی مردووانی شار ×١٠٠)، کەکۆی تۆماری مردووانی کارەساتەکان لەشاری ڕانیە لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٦ – ٢٠١٢) بریتیبوە لە (٣٤٢) مردوو، بەڵام کۆی تۆماری گشتی مردووانی شار (١٥٥٩) کەس بووە، بڕوانە: أ- بەڕێوە بەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە، بەشی ئامار، ٢٧/١/ ٢٠١٣، (بڵاونەکراوە) ، ب- بەڕێوە بەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، پزیشکی دادوەری، سەرچاوەی پێشوو.

- کەمی خزمەتگوزای تەندروستی، کە بەپێی ئامارەکان دەرکەوتووە لەساڵی (٢٠٠٢) هەردکتۆرێك خزمەتی (٢٣٥٨) کەسی کردووە، کە بەپێی ستانداردی جیهانی دەبێت هەر (١٥) خێزان دکتۆرێکیان هەبێت، بوونی ئەو نەخۆشیانەی ڕۆڵ دەبینن لەمردن وەکو نەخۆشیەیکانی (مەلاریا و شێرپەنجەو خوێن و هەناسەو منداڵبوون و لەکارکەوتنی گورچیلە) بەپێی ئامارەکان ساڵانە ژمارەیەکی بەرز بەهۆی نەخۆشییەکانەوە دەمرن کە لەساڵی (٢٠٠٦) (٩٤٪)ی مردوان بەهۆی نەخۆشییەوە بوبێت[٣٢].

- زیادبوون و بەروبوومە کشتوکاڵی خۆراکە هەڵگیراوە ناسروشتییەکان[*] لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی، هەروەها ڕۆژانە لەکاتی ئاسایی لەشی مرۆڤ، پێویستی بە (٢٢٢٠) کالۆریی خۆراکییە، وەرگرتنی کەمتر لەم بڕە مرۆڤ، توشی بێهێزی دەبێت و نەخۆشی جۆربەجۆر سەرهەڵدەدات[٣٣]، بەمەش ڕێژەی مردن زیاد دەکات.

- شوێنی نیشتەجێبوون کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر بەرزی و نزمی ئاستی مردن، ئامارەکان دەریانخستووە لەساڵی (٢٠٠٢) قەبارەی هەرخێزانێك لە (٥.٩) کەس بووە، هەروەها پێکهاتە (مۆرفۆلۆجی)ی خانووەکان لەجۆری خراپ بوون، بەجۆرێك (٢٥٪) لە قوڕ دروستکراون و (١.٢٪) خانووەکان لەشێوەی کەپر بوون، هەروەها (٧٣٪) خانووەکان لە تەنها (١ - ٢) ژوور پێکهاتوون[٣٤]، ئەمانە هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشی جۆراوجۆر، وە زۆرجار بەهۆی کارەساتە سروشتییەکانی وەك لافاو خانووەکان توشی زیان و داڕمان دەبن بەمەش مردن دەخوڵقێنێت.

- سەرهەڵدانی پیس بوونی ژینگەی شاری ڕانیە، بەجۆرێك لە ئێستادا نزیکەی (٣٠٠) دونم لە زەوی بەراو دەکرێت بە سەوزە کە بەئاوی ئاوەڕۆکان ئاو دەدرێت[٣٥]، وەك ئاشکرایە سەوزە ڕاستەوخۆ دەخورێت، بۆیە کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ، زیاترە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی هۆیەکانی گواستنەوە بەتایبەتیش ئۆتۆمبێل، لەپەیدابوونی جۆرەها نەخۆشی و مردنی پێش وەخت و لەناکاو بەرپرسن.

---

(٣٢) پێشڕەو سەمەد تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠-٤١.

(*) مەبەستمان لەوکشتوکاڵ و بەروبومە خۆراکیە هەڵگیراوانەیە کە مادەیەکی زۆری پارێزگار (مواد حافضة) ی تێدایە زۆر جار بەرواری هەڵگیرانەکەیان بەسەریش دەچێت، بەڵام هەر لەبازاڕەکانی هەرێمی کوردستان دەبینرێت، وەك دەبینرێت لیژنەکانی تەندروستی حکومەتی هەرێم ڕۆژانە و مانگانە دەیەها تەن لەناو دەبەن، دووبارە ئەم شێوازە لەناوبردنەش دەبێتە هۆی پیس بوونی ژینگەو کاریگەری دەبێت لەسەر تەندروستی مرۆڤ، و مردنی لەناکاو پەیدابوونی جۆری نەخۆشی تازەجیاجیا، هەروەها بەکارهێنانی ئەوهەموو پەین و ماددەکیمیاییەکان جا ئەوەی لەهەرێم بێت یان ئەوانەی لەدەروە دێن، بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ، جێدەهێڵێ و مردنی لێدەکەوێتەوە.

(٣٣) پێشڕەو سەمەد تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

(٣٤) هەمان سەرچاوە.

(٣٥) وەزارەتی کشتوکاڵ، بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی زەوی و زار، ٢٠١٣ (بڵاونەکراوە).

**باسی سێیەم: گرنگی و ئایندەی زیادبوونی سروشتی و کاریگەری لەسەر زیادبوونی دانیشتوان شاری ڕانیە**

لێرەدا باس لە گەشەی سروشتی (زیادبوونی سروشتی) و کاریگەری لەسەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە بکەین، هەروەها هەوڵدەدەین ئاڕاستەکانی گەشەی سروشتی لەئایندەدا کاریگەری لەسەر زیادبوونی دانیشتوان بخەینە ڕوو:

**٣-١- گرنگی گەشەی سروشتی و کاریگەری لەسەر زیادبوونی دانیشتوان**

گەشەی سروشتی یەکێکە لەڕەگەزە بەهێزەکانی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، واتا هۆکارێکی گرنگە بۆ زیادبوونی گەشەی گشتی دانیشتوان، ئەم دیاردەیە لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی ڕوون و بەڕێژەیەکی بەرز بەرچاو دەکەوێت، ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (٨) بکەین ئەوا ئەو گرنگی و کاریگەرییەی گەشەی سروشتی دانیشتوانمان بەسەر گەشەی دانیشتوانەوە لەدەڤەری لێکۆڵینەوە بۆ دەردەکەوێت ، جیاوازی زۆر لەڕێژەکانی گەشە سروشتی شار لە لەماوەی ساڵانی (١٩٨٧ -٢٠١٢) بەدیدەکرێت، بەجۆرێك لەساڵی (٢٠١٢) لەشاری ڕانیە گەشەی سروشتی (٥.٩٪) بووە واتا بەژمارەیەکی زۆر بەشداری کردووە لەسەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە، کە لەکۆی زیادبوونی (٨١٣٧) کەس (٥٥٤٠)کەس بەهۆی زیادبوونی سروشتییەوە بووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە نزمی گەشەی دانیشتوانە بەبەراورد بەگەشەی سروشتی، کە (٤.٧٪) بووە، واتا گەشەی سروشتی بە بڕی (١.٢٪) لەگەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە بەرزتربووە ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

- ئەو جیاوازییەی بەرزەی لە نێوان ژمارەی لەدایکبوون و مردن بەدیدەکرێت، بەجۆرێك لەساڵی (٢٠١٢)دا، (٥٦٦٥) لەدایکبوون لەبەرامبەر (١٢٥) مردندا هەبووە [٣٦].
- گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوك و بەتایبەتی دوای ساڵی (٢٠٠٣[*]) کە ژمارەیەکی زۆر لە شاری ڕانیە بەدیدەکرا.
- کۆچکردنی خەڵکی ناوچەکە بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و بۆ دەرەوەی وڵات بۆنموونە تەنها لەساڵی (٢٠٠٢) کۆچ بۆ دەرەوەی وڵات لەشاری ڕانیە (٤٠٨) کەس بووە[٣٧]، کە بەزۆری لەچینی گەنج بوونە.
- بەرزبوونەوەو ئاستی خزمەتگوزارییەکان لەشارنشینی قەزادا بەتایبەتیش لە ناحیەکانی حاجیاوا چوارقوڕنە، هەرزانی نرخی زەوی و خانوو لەسەنتەرە شارنشینیانە بەبەراورد بەسەنتەری شار و نزیکیان لەسەنتەری شارەوە.

لەخشتەی ژمارە (٨) تێبینی ئەوە دەکەین، کە ڕێژەی گەشەی سروشتی لەشاری ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٧)دا بۆ نزمترین ئاست دابەزیوەو بووە بە (١.٥٪)، لەکۆی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان کە (٤.٧٪) بووە، واتا بەژمارەیەکی کەم بەبەراورد بەساڵی (٢٠١٢) بەشداریکردووە لەزیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە کە بریتیبوە لە(١٠٨٤) کەس، بەڵام هەرچی تایبەتە بە تێکڕایی گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری ڕانیە لەماوەی ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) (٣.٥٪) بووە لەکۆی گشتی گەشەی دانیشتوان کە (٥٪) بووە، واتا لەکۆی زیادبوونی هەر (٥)کەسێك (٣.٥)کەس بەهۆی گەشەی سروشتییەوە و (١.٥)کەسیش بەهۆی کۆچەوە بووە.

---

(٣٦) وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی منداڵان و منداڵبون و نەخۆشخانەی کێوەڕەش، بەشی (بەیان ولادە، کارگێری)، (بڵاونەکراوە).

(*) بۆیە ئاماژەمان بۆئەو ساڵەکردووە، چونکە ئێمە بۆ گەشەی دانیشتوانی شارو قەزا، ماوەی نێوان ساڵی (٢٠٠٢ – ٢٠١٢) مان وەرگرتووە.

(٣٧) پێشڕەو سەمەد تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

ئەم ئامارانەی خستمانە ڕوو گرنگی گەشەی سروشتی دانیشتوانمان لەشاری ڕانیە بۆ دەردەخات کە ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە هەبووە ، بەجۆرێك لەماوەی ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) بەردەوام ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە لەزیادبوون دابووە تەنها لەساڵی (٢٠٠٧) نەبێت کەدابەزیوە، بەڵام دواتر لەساڵی (٢٠١٢) ژمارەکە بەرزبۆتەوە بۆ (٥٥٤٠) کەس بەمەش لەو ماوەیەدا بەرزترین ئاستی تۆمارکردووە، شێوەی (١٠)، ئەمەش بە هۆی بەرزی لەدایکبوون و نزمی مردنەوە و کەمی و زۆری کۆچەوە بووە لەناوچەی لێکۆڵینەوە.

خشتەی (٨)

ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوان لەکۆی گەشەی گشتی دانیشتوان و زیادبوون بەهۆی گەشەی سروشتیەوە لە شاری ڕانیە ماوەی (١٩٨٧ – ٢٠١٢)

| ساڵ | گەشەی سروشتی (٪)(*) | گەشەی دانیشتوان (٪)(**) | زیادبوون بەهۆی گەشەی سروشتیەوە(***) |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٧ | ٣.٨ | ٥.٤ | ١٠١٣ |
| ١٩٩٢ | ٣ | ٥.٤ | ١٠٥١ |
| ١٩٩٧ | ٣.٧ | ٥.٤ | ١٦٩١ |
| ٢٠٠٢ | ٣.٢ | ٤.٧ | ١٩١٩ |
| ٢٠٠٧ | ١.٥ | ٤.٧ | ١٠٨٤ |
| ٢٠١٢ | ٥.٩ | ٤.٧ | ٥٥٤٠ |
| تێکرا | ٣.٥ | ٥ | ٢٠٤٩ |

سەرچاوە/ ئامادەکراوە پشت بەست بە:

(*) ئەم ڕێژانە دەرهاتوون پشت بەست خشتەی ژمارە (٥)، لەڕێگای گۆڕینی ڕێژەکان لەهەزارا بۆ (٪) بەدابەشکردنیان بەسەر (١٠)


(**) ئەم ڕێژانە دەرهاتوون پشت بەست خشتەی ژمارە (٢)، بەهەمان ڕێگەی پێشوو.

(***) ئەم ژمارانەدەستکەوتوون، پشت بەست پاشکۆی ژمارە (١) ئەویش بریتیە بەڕێگای دابەزاندن (اسقاطات)، (ڕێژەی گەشەی سروشتی × ژمارەی  دانیشتوان لەساڵی پێشوو ÷ ١٠٠)+ ژمارەی دانیشتوان لەساڵی پێشوو، بڕوانە: عبد علي حسن الخفاف و عبد مخمور الريحاني، جغرافية السكان، مطبعة جامعة البصرة، البصرة، ١٩٨٦، ص١٥٢.

٪

شێوەی (٨)


ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوانی شار و قەزای ڕانیە لەنێوان ماوەی (١٩٨٧ – ٢٠١٢)




سەرچاوە ئامادە کراوە پشت بەست بە خشتەی ژمارە (٨)

شێوەی (٩)


ڕێژەی گشتی گەشەی دانیشتوانی شار و قەزای ڕانیە ماوەی (١٩٨٧ – ٢٠١٢)




سەرچاوە ئامادە کراوە پشت بەست بە خشتەی (٨).

شێوەی (١٠)

زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بەهۆی گەشەی سروشتیەوە لەشاری ڕانیە ماوەی ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢)




سەرچاوە ئامادە کراوە پشت بەست بە خشتەی (٨)

**٣-٢- ئایندی ژمارەی دانیشتوان لە شاری ڕانیە:** پێشبینیکردن ڕێگایەکی گرنگ و زانراوە بۆ زانینی قەبارەی دانیشتوان لەداهاتوودا، ئێمە پێشبینیمانکردووە بۆ ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە، کە ساڵی (٢٠١٢) بەساڵی بنەڕەت دانراوە، بەهۆی ڕێگای دابەزاندنی دانیشتوان (اسقاطات السكانية) ئەنجامدراوە، بەوەرگرتنی تێکڕایی گەشەی دانیشتوانی عێراق، کە سەنتەری ئاماری عێراقی بۆساڵی (٢٠١٢) ئەنجامی داوە ئەویش (٣٪)ە، بە وەرگرتنی تێکڕایی گەشەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) کە تێکڕایی ڕێژەی گەشەی ئەو ماوەیە (٥٪) بووە، هەروەها تێکڕایی گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری ڕانیە بۆماوەی ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) بریتیبووە لە ڕێژەی (٣.٥٪)، بەپێی بەرزی ڕێژەی گەشەکان ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە بەرەوە زیاد بوون چووە، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (٩) شێوەی ژمارە (١١)، بەجۆرێك لەساڵی (٢٠١٣) قەبارەی دانیشتوان بەگوێرەی ڕێژەی گەشەی (٣٪) زیادیکردوو بۆ (١٠٠٤٨٧) کەس ژمارەی دانیشتوان بەپێی گەشەی شار بووە بە (١٠٢٤٣٩) کەس، کەچی گەشەی سروشتی قەبارەی دانیشتوانی بۆ (١٠٠٩٧٥)کەس بەرزکردۆتەوە ، واتا گەشەی سروشتی بۆتە هۆی زیادبوونی (٣٤١٤) کەس، قەبارەی دانیشتوان بەردەوام دەبێت لەزیادبوون و گۆڕانی بەسەرداديت، بەجۆرێك لەساڵی (٢٠١٥) قەبارەی دانیشتوان بەهۆی گەشەی (٣٪)، بۆ (١٠٦٦٠٦) کەس زیاد دەکات، لەوماوەیەدا (٦١١٩) کەس زیاد دەکات، بەڵام بەهۆی گەشەی گشتی (٥٪)ی دانیشتوانی شاری ڕانیەوە، ژمارەی دانیشتوان بۆ (١١٢٩٣٨) کەس زیاد دەکات، کەواتە دەبێتە هۆی زیادبوونی (١٠٤٩٩) کەس، هەروەها قەبارەی دانیشتوان لەساڵی (٢٠١٥) بەهۆی گەشەی سروشتی (٣.٥٪) بەرز دەبێتەوە بۆ (١١١٩٥١) واتا گەشەی سروشتی هۆکار دەبێت بۆ زیادبوونی (٧١٩١)کەس لە هەمان ماوەدا.

**خشتەی (٩)**

**ژمارەی دانیشتوان و گەشەی سروشتی پێشبینیکراو لەشاری ڕانیە تا ساڵی (٢٠١٢ – ٢٠٢٠(*))**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەی گەشەی (٣٪(**)) | ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەی گەشەی (٥٪(***)) | ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەی گەشەی سروشتی (٣.٥٪(****)) |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٣ | ١٠٠٤٨٧ | ١٠٢٤٣٩ | ١٠٠٩٧٥ |
| ٢٠١٤ | ١٠٣٥٠١ | ١٠٧٥٦٠ | ١٠٤٥٠٩ |
| ٢٠١٥ | ١٠٦٦٠٦ | ١١٢٩٣٨ | ١٠٨١٦٦ |
| ٢٠١٦ | ١٠٩٨٠٤ | ١١٨٥٨٤ | ١١١٩٥١ |
| ٢٠١٧ | ١١٣٠٩٨ | ١٢٤٥١٣ | ١١٥٨٦٩ |
| ٢٠١٨ | ١١٦٤٩٠ | ١٣٠٧٣٨ | ١١٩٩٢٤ |
| ٢٠١٩ | ١١٩٩٨٤ | ١٣٧٢٧٤ | ١٢٤١٢١ |
| ٢٠٢٠ | ١٢٣٥٨٣ | ١٤٤١٣٧ | ١٢٨٤٦٥ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر: پشت بەست بە (*) ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە بەڕێگەی دابەزاندنی دانیشتوان (اسقاطات سكانية) دەرهێنراوە، کە ساڵی (٢٠١٢) وەرگیراوە، بە ڕێگای (ناوەندی ئەندازیاری) کە ئەویش بریتیە لە (ڕێژەی گەشە × ژمارەی دانیشتوان لەساڵی پێشوو ÷ ١٠٠)+ ژمارەی دانیشتوان لەساڵی پێشوو، بڕوانە: عبد علی حسن الخفاف و عبد مخمور الريحاني، المصدر السابق، ص١٥٢.


(**) ئەم ڕێژەیەی گەشە بریتیە لە ڕێژەی گەشەی گشتی دانیشتوانی عێراق بۆساڵی (٢٠١٢)، بڕوانە: کامران طاهر سعيد، توسع مدينة السليمانية بتأثير الاسر الحضري (دراسة في جغرافية المدن)، المصدر السابق، ص٢٢٥.

(***) گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە وەرگیراوە لەماوەی ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) کە بریتیبووە لە (٥٪)، پشت بەست بە خشتەی ژمارە (٨).

(****) گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری ڕانیە وەرگیراوە لەماوەی ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) کە بریتیبووە لە (٣،٥٪)، پشت بەست بە خشتەی (٨).

شێوەی (١١)

ژمارەی دانیشتوانی پێشبینیکراو لەشاری ڕانیە تا ساڵی (٢٠١٣ – ٢٠٢٠)




سەرچاوە ئامادە کراوە پشت بەست بە خشتەی (٩).

هەر لەخشتەی (٩) دا دەردەکەوێت، ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە بەردەوام بەرەو زیادبوونێکی زیاتر دەڕوات، بەجۆرێك لەساڵی (٢٠٢٠) ژمارەی دانیشتوان بەهۆی تێکڕایی گەشەی دانیشتوانی عێراقی بۆ ساڵی (٢٠١٢) کە (٣٪) دانراوە، بۆ (١٢٣٥٨٣) کەس زیاد دەکات ، واتا لەماوەی ساڵانی (٢٠١٥ -٢٠٢٠) ژمارەی دانیشتوان (١٦٩٧٧) کەس زیاد دەکات، بەڵام بەهۆی گەشەی گشتی دانیشتوانی شار کە (٥٪) بووە، دەردەکەوێت ژمارەی دانیشتوان لەساڵی (٢٠٢٠) دەبێتە (١٤٤١٣٧) کەس، واتا ژمارەی دانیشتوانی زیادبوو لەماوەی ساڵانی (٢٠١٥ – ٢٠٢٠) بریتییە لە (٣١١٩٩)کەس، ئەمە پێمان دەڵێت کە زیادبوون بەهۆی ڕێژەی گەشەی گشتی شار لە (٥٪)ە، زۆر زیاترە لە تێکڕایی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی عێراقی کە بە (٣٪) دانراوە، کە ماوەی جیاوازییان لەساڵی (٢٠١٥ – ٢٠٢٠) دەگاتە (١٤٢٢٢) کەس.

هەروەها زیاد بوونی دانیشتوانی شار بەهۆی گەشەی سروشتی دانیشتوان کە (٣.٥٪) بووە، لەماوەی ساڵانی (٢٠١٥ - ٢٠٢٠) بۆ (١٢٨٤٦٥)کەس، واتا زیادبوونی سروشتی بۆتەهۆی زیادبوونی (٢٠٢٩٩) کەس، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەیە زیادبوونی دانیشتوانی شاری ڕانیە، بەپێی جیاوازی تێکڕای گەشەی دانیشتوان دەگۆڕێت، بەجۆرێك لەماوەی ساڵانی (٢٠١٢ – ٢٠٢٠) بە وەرگرتنی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی عێراق کە (٣٪)ە، ژمارەی دانیشتوانی زیادبوو بریتیبووە لە (٢٦٠٢٢) کەس، بەڵام زیادبوون بەهۆی ڕێژەی گەشەی شار کە (٥٪) بووە، زۆر زیاتربووە و گەیشتۆتە (٤٦٥٧٦) کەس، هەروەها زیادبوونی دانیشتوانی شار بەهۆی گەشەی سروشتی (٣.٥٪) لەهەمان ماوەی ساڵانی (٢٠١٢ – ٢٠٢٠) بریتیبووە لە (٣٠٩٠٤) کەس، وەك لەشێوەی ژمارە (١١) دەردەکەوێت، ئەم ڕێژانەی کەدانراون بۆ پێشبینیکردنی دانیشتوان بۆ ئایندەی زیادبوونی دانیشتوان جیاوازی زۆر لەنێوانیان بەدیدەکرێت.

## دەرئە نجام

**پاش تاوتوێکردن و شیکردنەوەمان بۆبابەتەکانی لێکۆڵینەوەکە، گەیشتینە چەند ئەنجامێکی زانستی، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ئاماژە بەگرنگترینیان دەکەین:**

**١- هەڵکەوتەی جوگرافی دەشتی بیتوێن هۆکاری سەرەکی کۆبونەوەی دانیشتوان و دروستبوونی شاری ڕانیە بووە،، لەبەرئەوە ئەم دەشتە هەرلەکۆنەوە گرنگ بووە بۆ کشتوکاڵکردن و خەڵکی ڕوویان تێکردووە، دانیشتوانەکەی هەوڵیان داوە تا زۆرترین منداڵ بخەنەوە، بۆئەوەی لەکشتوکاڵکردن وەك دەستی کار سودی زیاتریان لێ وەربگرن، بێگومان ئەمەش وایکردووە کە هەم ژمارەی دانیشتوان بەردەوام لەزیادبووندا بێت، هەمیش گەشەی سروشتی بەرزبێت.**

**٢- دانیشتوانی شاری ڕانیە بەپێی ئامارەکان لەماوەی لێکۆڵینەوەدا، دانیشتوانەکەی کۆمەڵێك گۆڕانکاری دیمۆگرافی گەورەی بەسەرداهاتووە، بەجۆرێك قەبارەی دانیشتوانەکەی لەساڵی (١٩٨٧) لە (٢٧٧٠٠) کەسەوە، زیادیکردووە بۆ (٩٧٥٦١) کەس لەساڵی (٢٠١٢)دا، واتا نزیکەی (٣٦،٥) زیاتر قەبارەی دانیشتوانەکەی زیادیکردووە، هەرچەندە ئەم گۆڕانە لەقەبارەی دانیشتوانی شارەکە بەیەك ئاست نەبووە، بەڵکو گەشە جیاوازبووە لەماوەی ساڵانی سەرژمێریدا، بەڵام ئەم زیادبوونە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان.**

**٣- ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری ڕانیە بەبەراورد بەقەزای ڕانیە و شاری سلێمانی زۆر بەرزتربووە، لەماوەی ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢)دا، بەجۆرێك ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوان لەشاری ڕانیە لە نێوان لەهەزارا (١٥.٦ بۆ ٥٩.٢) بووە، واتا تێکڕایی ڕێژەی گەشەی سروشتی بریتیبووە لە لەهەزارا (٣٥.٤) ، ئەم ڕێژە بەرزەی گەشەی دانیشتوان لەشاری ڕانیە، ئاماژەیەکی گرنگە بۆ بەرزی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان، ئەمەش بۆ بەرزی ڕێژەی لەدایکبوون و کەمی مردن دەگەڕێتەوە.**

**٤- دیاردەی زوو شوکردن لەشاری ڕانیە دیاردەیەکی باوە، بەجۆرێك لەساڵی (٢٠١٢)دا گروپی تەمەنی مێینەی (١٦-٢٤) ساڵی لە (٧٥٪) کۆی هاوسەریەتییان پێکهێناوە، کە ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی منداڵبوون و خێرایی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە.**

**٥- بەرزی ڕێژەی توانایی لەدایکبوون (پیتی) لەشاری ڕانیە زۆر بەرزبووە، بەجۆرێك لەساڵی (٢٠٠٢) دا دەرکەوتووە ڕێژەی مێینەی تەمەن (١٥ – ٤٥) ساڵ لە (٥١٪) ی کۆی مێینەی ئەم شارەی پێکهێناوە، بەرزی ڕێژەی ئەم گروپە تەمەنییە بەرزی ڕێژەی لەدایك بوون نیشان دەدات لەناوچەی لێکۆڵینەوە.**

**٦- زۆربوونی تەڵاق و جیابوونەوە (طلاق والتفریق) لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەردەوام لەبەرزبوونەوەدابووە، بەجۆرێك ئامارەکان دەریان خستوە لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٧) هەر (١٠٠) هاوسەرگیری (٩.٨) جیابوونەوە هەبووە، ئەم ڕێژەیە بەردەوام بووە لەبەرزبوونەوە بەجۆرێك لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠١٢) گەیشتۆتە (١٣.٨٪)، واتا هەر (١٠٠) هاوسەرگیرییەك (١٣.٨) جیابوونەوە هەبووە، بەپێیەش (٤٪) جیابوونەوە زیادیکردووە لەو ماوەیەدا، بەردەوامبوون بەرزبوونەوەی ئەم ڕێژەیە لەداهاتوودا هۆکارێك دەبێت بۆ نزمبوونەوەی ڕێژەی منداڵبوون، بەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر نزمبوونەوەی ڕێژەی گەشە و گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری ڕانیە.**

**٧- گەشەی سروشتی کاریگەریەکی زۆری هەبووە لەسەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە، بەجۆرێك لەماوەی ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) لەکۆی زیادبوونی (٦٥٧٩٢) کەس (٥٨٣٤٠)کەس بەهۆی زیادبوونی سروشتیەوە**

بووە، واتا کۆچ تەنها هۆکاربووە بۆ زیادبوونی (٧٤٥٢) کەس لەو ماوەیەدا، بەوپێیە ئەو زیادبوونە زۆرەی دانیشتوان بەهۆی گەشەی سروشتیەوە، بەرزی ڕێژەی لەدایکبوون و نزمی مردن دەدەخات.

٨- دەرکەوتووە بەپێی پێشبینیکردنەکان بۆ ئاییندە ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە بەردەوام لەبەرزبوونەوەدا دەبێت، بەڵام بەپێی تێکڕایی جیاوازی گەشەی دانیشتوان و گەشەی سروشتی ژمارەکان گۆڕانیان بەسەرداتێت، بەجۆرێك کەلەساڵی (٢٠١٢) ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە (٩٧٥٦١)کەس بووە، بەڵام بەهۆی تێکرایی گەشەی دانیشتوانی عێراقی کە (٣٪) بۆساڵی (٢٠١٢) دانراوە، ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە لەساڵی (٢٠٢٠) دەبێتە (١٢٣٥٨٣)کەس، هەروەها بەپێی تێکڕایی گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە ماوەی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) وەرگیراوە کە (٥٪) بووە، ژمارەی دانیشتوان لەساڵی (٢٠٢٠) بووە بە (١٤٤١٣٧)کەس، کەچی گەشەی سروشتی کە (٣.٥٪) بووە، ژمارەی دانیشتوانی کردۆتە (١٢٨٤٦٥)کەسە لەساڵی (٢٠٢٠)دا.

## ڕاسپاردەکان

لەبەر ڕۆشنایی باسەکانی پێشوو، لێکۆڵینەوەکە دەتوانێت ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە بەرچاو و پێشنیاز دەکات:

١- بایەخدانی زیاتری دامودەزگا حکومییەکان، بە کۆکردنەوەی داتاکانی بورای دانیشتوان، بەشێوەیەکی ورد و ڕاست، چونکە هەر لێکۆڵینەوەیەك لەبواری دانیشتواندا بۆ گەیشتن بەئەنجامێکی ڕاست پێویستی بەداتا و ئاماری ورد و دروست هەیە.

٢- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ڕانیە پێویستە ساڵانە ئەگەر لە ڕێگەی وەرگرتنی نمونە (عینە)ش بێت، هەوڵبدات ئامار و زانیاری تایبەت بەدانیشتوانی شاری ڕانیە لەهەموو بوارەکان پەیدا بکات.

٣- هەوڵبدرێت بە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەوەی بەردەوام لەدایکبووان و مردووان تۆماربکرێت، ئەوا بێگومان تاوەکو ئامارەکان دروستتربن لێکۆڵینەوەکانیش ڕاستتر دەبن، بەتایبەتی ئەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی گەشەی دانیشتوان ئەنجام دەدرێت.

٤- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی دانیشتوانی پێشکەوتووی هەبێت، ئەمڕۆ زانیاری دەربارەی دانیشتوان، ڕەنگدانەوەی دەبێت لە ئایندە، چونکە دانانی هەرپلانێك پێویستی بە زانینی ئاماری دانیشتوان هەیە بۆ داهاتوو.

٥- پێویستە پلانێکی درێژخایەن دابنرێت لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ دیاریکردنی ژمارەی منداڵبوون (تحدید النسل)، چونکە لەئەنجامەکان بۆمان دەرکەوت کە گەشەی سروشتی زۆربەرزە، بەجۆرێك لەساڵی (٢٠١٢) بووە بە (٥.٩٪).

٦. پێویستە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی دەڤەری لێکۆڵینەوە، پلان بۆ داهاتوو دابنێن لە ڕووی دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست لەهەموو بوارەکاندا، چونکە دەرکەوتووە بەردەوام ژمارەی دانیشتوان لەبەرزبوونەوەیەکی خێرادایە.

## پاشکۆکان

**پاشکۆی (١) ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی لەدایکبوون و مردنی شار لەسەر ئاستی قەزای ڕانیە لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٢)**

| ساڵەکان | شاری ڕانیە | | | | قەزای ڕانیە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان | [*] ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا | [**] ژمارەی لەدایکبووان | [***] ژمارەی مردووان | ژمارەی دانیشتوان | [****] ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا | [*****] ژمارەی لەدایکبووان | [******] ژمارەی مردووان |
| ١٩٨٧ | ٢٧٧٠٠ [١] | ٢٦١٥٤ | ١٠٦٦ | ٥٣ | ٧٠٦٦٦ [٧] | ٦٩٣٠٢ | ١٥١٣ | ٥٧ |
| ١٩٨٨ | ٢٩١٩٥ [٢] | ٢٨٤٤٧ | ١٢٢٤ | ٦٢ | ٧٤٦٩٣ [٨] | ٧٢٦٧٩ | ١٤٦٨ | ٩٢ |
| ١٩٨٩ | ٣٠٧٧١ | ٢٩٩٨٣ | ١٧٢١ | ١٠٢ | ٧٨٩٥٠ | ٦٦٨٢١ | ٣٢٢٣ | ١٥٣ |
| ١٩٩٠ | ٣٢٤٣٢ | ٣١٦٠١ | ١٨٤٨ | ٩٨ | ٨٣٤٥ | ٨١٢٠٠ | ٣١٦٦ | ١٥١ |
| ١٩٩١ | ٣٤١٨٣ | ٣٣٣٠٢ | ٩٠٣ | ١٢٥ | ٨٨٢٠٦ | ٨٥٨٢٨ | ٢٤٨٢ | ١٥٧ |
| ١٩٩٢ | ٣٦٠٢٨ | ٣٥١٠٥ | ١١٦٣ | ١١٢ | ٩٣٢٣٣ | ٩٠٧١٩ | ٢٤٤٥ | ١٤٢ |
| ١٩٩٣ | ٣٧٩٧٣ | ٣٧٠٠٠ | ١٤٤٣ | ٩٥ | ٩٨٥٤٧ | ٩٥٨٩٠ | ٣٨٤٢ | ١٢٨ |
| ١٩٩٤ | ٤٠٠٣٢ | ٣٨٩٩٨ | ١٣٩٥ | ٩٩ | ١٠٤١٦٤ | ١٠١٣٥٥ | ٣٦٨٠ | ٢١٨ |
| ١٩٩٥ | ٤٢١٨٤ | ٤١١٠٣ | ١٣٨٢ | ٤٥ | ١١٠١٠١ | ١٠٧١٣٢ | ٣٥٦١ | ٩٦ |
| ١٩٩٦ | ٤٤٤٦١ | ٤٣٣٢٢ | ١٤٦٩ | ٦٤ | ١١٦٣٧٦ | ١١٣٢٣٨ | ٣٥٦٨ | ١٤٩ |
| ١٩٩٧ | ٤٦٨٦١ | ٤٥٦٦١ | ١٧٥٤ | ٦٣ | ١٢٣٠٠٩ | ١١٩٦٩٢ | ٤٢٢٨ | ١٤٩ |
| ١٩٩٨ | ٤٩٣٩١ | ٤٨١٢٦ | ١٩٩٠ | ٣٠ | ١٣٠٠٢٠ | ١٢٦٥١٤ | ٤٤٠١ | ١٤٦ |
| ١٩٩٩ | ٥٢٠٥٨ | ٥٠٧٢٤ | ٢٥٩٥ | ٣٨ | ١٣٧٤٣١ | ١٣٣٧٢٥ | ٥٧٥٨ | ١٣٥ |
| ٢٠٠٠ | ٥٤٨٦٩ | ٥٣٤٦٣ | ١٨١٣ | ١٠٨ | ١٤٥٢٦٤ | ١٤١٣٤٧ | ٤٨٩٠ | ١٨٧ |
| ٢٠٠١ | ٥٧٨٣١ | ٥٦٣٥٠ | ٢٢٠٠ | ٩٧ | ١٥٣٥٤٤ | ١٤٩٤٠٤ | ٥١٥٣ | ٢٣٣ |
| ٢٠٠٢ | ٦١٣٢٧ [٣] | ٥٩٥٧٩ | ٢٠٠٠ | ٨١ | ١٦٢٤٣٤ | ١٥٧٩٨٧ [٩] | ٤٦٤٧ | ١٨٠ |
| ٢٠٠٣ | ٦٣٠٤٤ [٤] | ٦٢١٨٥ | ١٧٢٣ | ١١٧ | ١٦٣٥٧١ | ١٦٣٠٠٢ [١٠] | ٤٨٢٣ | ١٨٧ |
| ٢٠٠٤ | ٦٤٨٠٩ | ٦٣٩٢٦ | ٢٢٧١ | ١٢٥ | ١٦٥٠١٥ | ١٦٤٢٩٣ | ٥٣٠١ | ٣٦٠ |
| ٢٠٠٥ | ٦٦٦٢٣ | ٦٥٧١٦ | ١٨٨٠ | ١٥٢ | ١٦٦١٧٠ | ١٦٥٥٩٢ | ٤٢٨٩ | ٤٨٦ |
| ٢٠٠٦ | ٦٨٤٨٨ | ٦٧٥٥٥ | ١٨٠٢ | ٢٣٢ | ١٦٧٣٣٣ | ١٦٦٧٥١ | ٤١٧٩ | ٢٨٢ |
| ٢٠٠٧ | ٧٠٤٠٥ | ٦٩٤٤٦ | ١٢٧٩ | ١٩٥ | ١٦٨٥٠٤ | ١٦٧٩١٨ | ٣٨٠٦ | ٢٣٢ |
| ٢٠٠٨ | ٧٢٣٧٦ | ٧١٣٩٠ | ٣٠٠٠ | ٢٠٤ | ١٦٩٦٨٣ | ١٦٩٠٩٣ | ٥٦١٠ | ٢٣٢ |
| ٢٠٠٩ | ٧٥٠٧٥ [٥] | ٧١٤٣٤ | ٢٠٧٨ | ٢٠٨ | ١٧١٣٤١ | ١٧٠٥١٢ [١١] | ٤٨٤٢ | ٢٤٣ |
| ٢٠١٠ | ٨١٩٦٦ | ٦٨٥٢٠ | ٥٦٠٠ | ٢٥٣ | ١٩٨٥١٨ | ١٨٤٩٢٩ | ٨٣٠٦ | ٢٩١ |
| ٢٠١١ | ٨٩٤٢٤ [٦] | ٨٥٦٩٥ | ٧٠٧٦ | ٣١٥ | ٢٢٩٨٨٣ | ٢١٤٢٠٠ [١٢] | ٩٨١٣ | ٣٥٨ |
| ٢٠١٢ | ٩٧٥٦١ | ٩٣٤٩٢ | ٥٦٦٥ | ١٢٥ | ٢٦٦٢٠٤ | ٢٤٨٠٤٣ | ٨٢٧٦ | ١٨١ |

**سەرچاوە/ ئامادەکراوە پشت بەست بە:**

**(*) ئامارەکان لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) بەڕێگای جیاجیا دەست کەوتون، هەربۆیە لەخوارەوە ئاماژە بەجیا بۆ هەریەکێکیان دەکەین، بڕوانە:**

**(١) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة السليمانية، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٨٨.**

(٢) ژمارەی دانیشتوان ، لەماوەی ساڵانی (١٩٨٨ – ٢٠٠١) بەڕێگەی دابەزاندنی دانیشتوان (اسقاطات سكانية) دەرهێنراوە، بە ڕێگای (ناوەندی ئەندازیاری) كە ئەویش بریتیە لە (ڕێژەی گەشە × ژمارەی دانیشتوان لەساڵی پێشوو ÷ ١٠٠)+ ژمارەی دانیشتوان لەساڵی پێشوو، بڕوانە: عبد علي حسن الخفاف و عبد مخمور الريحاني، المصدر السابق، ص١٥٢.

(٣) مديرية أحصاء السليمانية، بيانات عن السكان حسب الوحدات الادارية في الاقليم كردستان، لسنة ٢٠٠٢، (غير منشورة).

(٤) ژمارەی دانیشتوان لەساڵی (٢٠٠٣ - ٢٠٠٩) بەڕێگای دابەزاندنی دانیشتوان دەرهێنراوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٥) وزارة التخطيط، الهيئة العليا للتعداد العامة المساكن، خلاصة تحدث حصر والمباني والاسر على مستوى الناحية، قضاء رانية، لسنة (٢٠٠٩ – ٢٠١٠).

(٦) ژمارەی دانیشتوان لەساڵی (٢٠١١ و ٢٠١٢)، دابەزاندنی دانیشتوان دەرهێنراوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٧) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، المصدر السابق.

(٨) ژمارەی دانیشتوان ، لەماوەی ساڵانی (١٩٨٨ – ٢٠٠١) بەڕێگەی دابەزاندنی دانیشتوان (اسقاطات سكانية) دەرهێنراوە، سەرچاوەی پێشوو.

(٩) مديرية أحصاء السليمانية، بيانات عن السكان حسب الوحدات الادارية في الاقليم كردستان، لسنة ٢٠٠٢، المصدر السابق.

(١٠) ژمارەی دانیشتوان لەساڵی (٢٠٠٣ - ٢٠٠٩) بەڕێگای دابەزاندنی دانیشتوان دەرهێنراوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١١) وزارة التخطيط، الهيئة العليا للتعداد العامة المساكن، خلاصة تحدث حصر والمباني والاسر على مستوى الناحية، المصدر السابق.

(١٢) ژمارەی دانیشتوان لەساڵی (٢٠١١ و ٢٠١٢)، دابەزاندنی دانیشتوان دەرهێنراوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(*) ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵێك دەرهێنراوە بەكۆكردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی هەرساڵێك لەگەڵ ساڵێك پێش خۆی، دابەشی سەر (دوو) دەكرێت.

(**) هەرێمی كوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین:

أ- نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە، بەشی ئامار، (بڵاونەكراوە).

ب- نەخۆشخانەی منداڵان و منداڵبوون، بەشی كارگێڕی، (بڵاونەكراوە).

ج- نەخۆشخانەی كێوەڕەش، بەشی بەیان ولادە، (بڵاونەكراوە).

(***) هەرێمی كوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە، سەرچاوەی پێشوو.

(****) ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵێك دەرهێنراوە، هەمان ڕێگای پێشوو.

(*****) هەرێمی كوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین:

أ- مەڵبەندی تەندروستی چوارقوڕنە، بەشی ئامار، (بڵاونەكراوە).

ب- مەڵبەندی تەندروستی شەهید حسین بەستەستێنی، بەشی ئامار، (بڵاونەكراوە).

ت- مەڵبەندی تەندروستی شكارتە، بەشی ئامار، (بڵاونەكراوە).

پ- مەڵبەندی تەندروستی شەهید مەلانەجم، بەشی ئامار، (بڵاونەكراوە).

ج- پزشكی دادوەری ڕانیە، كارگێڕی، (بڵاونەكراوە).

(******) هەرێمی كوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین:

أ- مەڵبەندی تەندروستی چوارقوڕنە، سەرچاوەی پێشوو.

ب- مەڵبەندی تەندروستی حاجی ئاوا، بەشی ئامار، (بڵاونەكراوە).

هەولێرنامەی كتێب

## پاشکۆی (٢)

### هاوسەرگیری و جیابوونەوە لەشاری ڕانیە ماوەی ساڵانی (١٩٩٧ -٢٠١٢)

| ساڵ | هاوسەرگیری | | کۆی هاوسەرگیری | تەڵاق و جیابوونەوە | | کۆی تەڵاق و جیابوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | هاوسەرگیری ناودادگا | هاوسەرگیری دەرەوەی دادگا | | تەڵاق | جیابوونەوە | |
| ١٩٩٧ | ١٢٧٢ | ١١٤١ | ٢٤١٣ | ٥٦ | ٥٥ | ١١١ |
| ١٩٩٨ | ١٥٨٦ | ١٠٣٨ | ٢٦٢٤ | ٣٩ | ٤٩ | ٨٨ |
| ١٩٩٩ | ١٣٩٨ | ٦٦١ | ٢٠٥٩ | ٣٨ | ٥٠ | ٨٨ |
| ٢٠٠٠ | ٩٥٨ | ٦٠١ | ١٥٥٩ | ٦٨ | ٦٥ | ١٣٣ |
| ٢٠٠١ | ٧٣٢ | ٤١٥ | ١١٤٧ | ٣٨ | ٢٠ | ٥٨ |
| ٢٠٠٢ | ٧٠٣ | ٢٨١ | ٩٨٤ | ٦٧ | ٤٠ | ١٠٧ |
| ٢٠٠٣ | ٧٢٩ | ٢١٢ | ٩٤١ | ٥٦ | ٢٧ | ٨٣ |
| ٢٠٠٤ | ٩٥٠ | ٢٢٤ | ١١٧٤ | ٨٧ | ٤٧ | ١٣٤ |
| ٢٠٠٥ | ١٠٣٧ | ٢١٢ | ١٢٤٩ | ٧١ | ٣٥ | ١٠٦ |
| ٢٠٠٦ | ١١٩٥ | ٢٤٨ | ١٤٤٣ | ٨٠ | ٦١ | ١٤١ |
| ٢٠٠٧ | ١٢١٨ | ١٧٨ | ١٣٩٦ | ٧٧ | ٦٩ | ١٤٦ |
| ٢٠٠٨ | ١٠٢٧ | ١٥٢ | ١١٧٩ | ٦٠ | ٦٠ | ١٢٠ |
| ٢٠٠٩ | ١١٣٤ | ١٠٠ | ١٢٣٤ | ٩٧ | ٩٢ | ١٨٩ |
| ٢٠١٠ | ١٤٠٠ | ـــــ | ١٤٠٠ | ٧٣ | ١٢٤ | ١٩٧ |
| ٢٠١١ | ١٢٦٩ | ـــــ | ١٢٦٩ | ٨٥ | ١٠١ | ١٨٦ |
| ٢٠١٢ | ١٤٧٠ | ١٣٨ | ١٦٠٨ | ١١٨ | ١٥٩ | ٢٧٧ |

**سەرچاوە/ وەزارەتی داد، دادگای باری کەسیەتی ڕانیە، کارگێڕی، بەشی تۆماری هاوسەرێتی (زەواج)، زانیاری دەربارەی ڕێژەی هاوسەرێتی لەماوەی ساڵانی (١٩٩٧ - ٢٠١٢) دا، (بڵاونەکراوە).**

## پاشكۆی (٣)

**گەشەی سروشتی و زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان شارو قەزایی ڕانیە بەهۆی گەشەی سروشتی ماوەی ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢)(*)**

| ساڵ | زیادبوونی دانیشتوانی شاری ڕانیە بەهۆی گەشەی سروشتیەوە | | زیادبوونی دانیشتوانی قەزای ڕانیە بەهۆی گەشەی سروشتیەوە | |
|---|---|---|---|---|
| | ژ.دانیشتوان | گەشەی سروشتی | ژ.دانیشتوان | گەشەی سروشتی |
| ١٩٨٧ | ٢٧٧٠٠ | ١٠١٣ | ٧٠٦٦٦ | ١٤٥٦ |
| ١٩٨٨ | ٢٩١٩٥ | ١١٦٢ | ٧٤٦٩٣ | ١٣٧٦ |
| ١٩٨٩ | ٣٠٧٧١ | ١٦١٩ | ٧٨٩٥٠ | ٣٠٧٠ |
| ١٩٩٠ | ٣٢٤٣٢ | ١٧٥٠ | ٨٣٤٥ | ٣٠١٥ |
| ١٩٩١ | ٣٤١٨٣ | ٧٧٨ | ٨٨٢٠٦ | ٢٣٢٥ |
| ١٩٩٢ | ٣٦٠٢٨ | ١٠٥١ | ٩٣٢٣٣ | ٢٣٠٣ |
| ١٩٩٣ | ٣٧٩٧٣ | ١٣٤٨ | ٩٨٥٤٧ | ٣٧١٤ |
| ١٩٩٤ | ٤٠٠٣٢ | ١٢٩٦ | ١٠٤١٦٤ | ٣٤٦٢ |
| ١٩٩٥ | ٤٢١٨٤ | ١٣٣٧ | ١١٠١٠١ | ٣٤٦٥ |
| ١٩٩٦ | ٤٤٤٦١ | ١٤٠٥ | ١١٦٣٧٦ | ٣٤١٩ |
| ١٩٩٧ | ٤٦٨٦١ | ١٦٩١ | ١٢٣٠٠٩ | ٤٠٧٩ |
| ١٩٩٨ | ٤٩٣٩١ | ١٩٦٠ | ١٣٠٠٢٠ | ٤٢٥٥ |
| ١٩٩٩ | ٥٢٠٥٨ | ٢٥٥٧ | ١٣٧٤٣١ | ٥٦٢٣ |
| ٢٠٠٠ | ٥٤٨٦٩ | ١٧٠٥ | ١٤٥٢٦٤ | ٤٧٠٣ |
| ٢٠٠١ | ٥٧٨٣١ | ٢١٠٣ | ١٥٣٥٤٤ | ٤٩٢٠ |
| ٢٠٠٢ | ٦١٣٢٧ | ١٩١٩ | ١٦٢٤٣٤ | ٤٤٦٧ |
| ٢٠٠٣ | ٦٣٠٤٤ | ١٦٠٦ | ١٦٣٥٧١ | ٤٦٣٦ |
| ٢٠٠٤ | ٦٤٨٠٩ | ٢١٤٦ | ١٦٥٠١٥ | ٤٩٤١ |
| ٢٠٠٥ | ٦٦٦٢٣ | ١٧٢٨ | ١٦٦١٧٠ | ٣٨٠٣ |
| ٢٠٠٦ | ٦٨٤٨٨ | ١٥٧٠ | ١٦٧٣٣٣ | ٣٨٩٧ |
| ٢٠٠٧ | ٧٠٤٠٥ | ١٠٨٤ | ١٦٨٥٠٤ | ٣٥٧٤ |
| ٢٠٠٨ | ٧٢٣٧٦ | ٢٧٩٦ | ١٦٩٦٨٣ | ٥٣٧٨ |
| ٢٠٠٩ | ٧٥٠٧٥ | ١٨٧٠ | ١٧١٣٤١ | ٤٥٩٩ |
| ٢٠١٠ | ٨١٩٦٦ | ٥٣٤٧ | ١٩٨٥١٨ | ٨٠١٥ |
| ٢٠١١ | ٨٩٤٢٤ | ٦٧٦١ | ٢٢٩٨٨٣ | ٩٤٥٥ |
| ٢٠١٢ | ٩٧٥٦١ | ٥٥٤٠ | ٢٦٦٢٠٤ | ٨٠٩٥ |

سەرچاوە/ ئامادەكراوە پشت بەست بە: (*) ژمارەی دانیشتوان لەماوەی ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢) وەرگیراوە. پشت بەست بە پاشكۆی ژمارە (١).

- زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بەهۆی گەشەی سروشتیەوە. لەماوەی ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠١٢). بەوەرگرتنی تێكرایی ڕێژەی گەشەی سروشتی (٣.٥٪). بەرێگەی دابەزاندنی دانیشتوان (اسقاطات سكانية) دەرهێنراوە. سەرچاوەی پێشوو.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**

**أ/ کتێب:**

١- ئەحمد، پشتیوان شەفیق، شکردنەوەیەکی جوگرافیایی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە شارۆچکەی ڕانیە (١٩٥٧-٢٠٠٦)، چاپخانەی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.

٢- تاڵب، جەزا تۆفیق، بایەخی جیۆپۆلەتیکی ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.

٣- حداد، هاشم یاسین حمدأمین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چ١، کۆمپانیای تێ نووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩.

٤- عەلی، جاسم محمد محمد، کەلار لەلادێوە بۆشار (گەشەکردنی شاری کەلار-کێشەو دەرئەنجامەکانی)، بلاَوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی،ن،ك)، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٥- محەمەد، مراد حەکیم، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعس دا، لەبلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦- مستەفا، فاتمە قادر، دابەشبوونی دانیشتوانی شاری هەولێر، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٧- مینە، ئەمین قادر، ئەمنی ستراتیجی ی عێراق، سێکوچکەی بەعسیان تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، بلاَوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی (ی،ن،ك)، ٢٠١٢.

**ب- گۆڤارەکان:**

١- سەعید، کامەران تاهیر، بنەما سروشتیەکانی پەرەپێدانی چالاکی کشتوکاڵ لەقەزای ڕانیە (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای کشتوکاڵ)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٢٥، چابخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.

٢- محمد، خەلیل ئیسماعیل، نەخشەی ئیداری ی هەر کوردستانی عێراق و دوراییی یە نەتەوەییەکەی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٢) ساڵی هەشتەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٣- محەمەد، خەلیل ئیسماعیل، ڕەوشەکانی پیتی و زاوزێ لە پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٢٧)، سلێمانی، ١٩٩٩.

**پ- تێزەکان:**

١- تۆفیق، پێشڕەو سەمەد، شیکردنەوەی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانیە (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩، (بلاَونەکراوە).

٢- شوانی، هیوا ئەمین جەلال، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆگەشەی شار نشینی لەپارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاَحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧.

**ت- چاپەمەنییەکان و نوسراوە حکومییەکان:**

١- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی (منداڵان و منداڵبوون)، کارگێڕی، بەرواری ٢٠١٣، (بلاَونەکراوە).

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، بەشی بزیشکی دادوەری، بەشی کارگێڕی، ٢٠١٣، (بلاَونەکراوە).

٣- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی كێوەرەش، بەشی (بەیان ولادە، كارگێری)، ٢٠١٢، (بڵاونەكراوە).

٤- بەڕێوە بەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە، بەشی ئامار، ٢٠١٣، (بڵاونەكراوە).

٥- ناوەندی زانیارییە مرۆییە هاوبەشەكان، ئەتڵەسی قەزاكانی هەولێر – سلێمانی – دهۆك، بەرگی یەكەم، ٢٠٠٤.

٦- وەزارەتی شارەوانی، سەرۆكایەتی شارەوانی ڕانیە، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە، بەشی هونەری، ٢٠١٠، (بڵاونەكراوە).

٧- وەزارەتی داد، دادگای باری كەسیەتی ڕانیە، كارگێڕی، بەشی تۆماری هاوسەرێتی (زەواج)، زانیاری دەربارەی ڕێژەی هاوسەرێتی لەساڵی (١٩٩٧ - ٢٠١٣)دا، (بڵاونەكراوە).

٨- وەزارەتی كشتوكاڵ، بەرێوەبەرایەتی كشتوكاڵی ڕانیە، بەشی زەوی و زار، ٢٠١٣، (بڵاونەكراوە).

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەكان

### أ/ كتێب:

١- القرأن الكريم، سورة النساء، من أية (٣)، سورة الاسراء، من أية (٣١).

٢- اسحاق، ابو داود سليمان بن الأشعث بن، سنن ابي داود، المكتبة العصرية، ، صيدا- بيروت، بدون سنة طبع، ج٢.

٣- البيهقي، أحمد بن الحسين بن علي، السنن الصغير، جامعة الدراسات الإسلامية، كراتشي-باكستان، ط١، ١٩٨٩، ج٣.

٤- الحديثي، طه حمادي، جغرافية السكان، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٨.

٥- الخفاف، عبد علي حسن و عبد مخمور الريحاني، جغرافية السكان مطبعة جامعة البصرة، البصرة، ١٩٨٦.

٦- خصباك، شاكر، العراق الشمالي (دراسة لنواحية الطبيعيةو البشرية)، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣.

٧- سعيد، كامران طاهر، توسع مدينة السليمانية بتأثير الاسر الحضري (دراسة في جغرافية المدن)، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٢.

٨- سهاونة، فوزي عبد و موسى عبودة سمحة، جغرافية السكان، دار وائل للنشر، الطبعة الاولى، عمان، ٢٠٠٣.

٩- علاء الدين، عطا محمد، قضاء هەڵبجة (دراسة في الجغرافية الاقليمية)، مركز دراسات الكردية (كوردۆلۆجى)، مطبعة تيشك، ط١، السليمانية، ٢٠٠٨.

١٠- خليل اسماعيل محمد قضاء خانقين "دراسة في جغرافية السكان"، منشورات مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٢.

١١- وهبية، عبدالفتاح محمد، جغرافية الانسان، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٠.

### ب- چاپەمەنییەكان و نوسراوە حكومییەكان:

١- مديرية أحصاء السليمانية، بيانات عن السكان حسب الوحدات الادارية في الاقليم كردستان، لسنة ٢٠٠٢، (غير منشورة).

٢- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة السليمانية، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٨٨.

٣- وزارة التخطيط، الهيئة العليا للتعداد العامة المساكن، خلاصة تحدث حصر والمباني والاسر على مستوى الناحية، قضاء رانية، لسنة (٢٠٠٩ – ٢٠١٠).

## سێیەم: پێگە ئەلیكترۆنیەكان

١- https://www.google،iq/maps/@٣٦،٢٥٢٧٠١٥،٤٤،hl=en?١٣z،٩٠٣٤٨٣٣

## پوختە بەزمانی كوردی

گەشەی سروشتی دانیشتوان ڕەگەزێکی سەرەکی گەشەی دانیشتوانە، بریتییە لە جیاوازی نێوان ژمارەی لەدایکبووان و مردن لەماوەیەکی دیاریکراودا، لەناوچەی لێکۆڵینەوە گەشە دانیشتوان بەگشتی و گەشەی سروشتی بەتایبەتی، گۆڕانی گەورەیان بەخۆوە بینیوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوجیاوازییەی لە نێوان ڕێژەی لەدایکبووان و مردووان لەساڵێك بۆساڵکی تر بەدیدەکرێت، بۆتە هۆی ئەوەی گۆڕانکاری زۆر و هەڵبەزو دابەزی زۆر لەگەشەی سروشتی شاری ڕانیە بەدیبکرێت، گەشەی سروشتی بۆتە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەیەکی بەرز لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەبەراورد بەناوچەکانی دەوروبەر، هەروەها ئامانجی لێکۆڵینەوەیەکەش دەرخستنی گۆڕانکارییەکانی گەشەی دانیشتوانە کەبەهۆی گەشەی سروشتییەوە سەریهەڵداوە، بەمەبەستی ئەوەی ببێتە ڕوانگەیەك بۆلایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دانانی سیستەم و پلانێك بۆ ڕێکخستنی گەشەی سروشتی دانیشتوان لەشاری ڕانیە.

بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان، پلانەکەمان دابەشکردووە بەسەر پێشەکییەك و چوار باس بەم شێوەیەی خوارەوە:

باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە، باسی دووەم: ئاماژە بە ڕەگەزە سەرەکییەکانی گەشەی سروشتی ( لەدایکبوون و مردن) کراوە، باسی سێیەم: ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەی سروشتی، باسی چوارەم: گرنگی و ئایندەی گەشەی سروشتی و کاریگەری لەسەر زیادبوونی دانیشتوانی شاری ڕانیە خراوەتەڕوو.

## ملخص البحث باللغة العربية

ان لنمو السكان الطبيعي أهميه وخصائصه الخاص به لانه عاملٌ اساس في نمو السكاني والذي هو عبارة عن الفرق بين عدد المواليد والوفيات في مدة معينة.

شهدت منطقة الدراسة من حيث النمو السكاني عموماً والنمو الطبيعي خصوصاً تغيراً كبيراً، و ذلك بسبب الاختلاف بين نسبة الولادة والوفيات من سنةٍ لاخرى والتي أثرت على التغير الواسع من حيث الارتفاع و الانخفاض في النمو الطبيعي لمدينة رانية، فقد ادى النمو الطبيعي الى زيادة السكان بنسبة عالية من منطقة البحث مقارنة البحث مقارنة مع المناطق المجاورة.

الهدف من هذا البحث هو اظهار التغيرات لنمو السكان والذي ظهرت بسبب النمو الطبيعي (الفرق بين نسبة الولادة والوفيات) لتكون دليلاً مساعداً للجهات المعينة لوضع الانظمة والخطط في تنظيم السكان في مدينة رانية.

لتحقيق هدف البحث تم تقسيم الخطة الى مقديمة وأربعة محاور:

المحور الاول: التعريف لمنطقة البحث، المحور الثاني: الاشارة الى العوامل الاساسية للنمو الطبيعي (الولادة و الوفيات) المحور الثالث: الاسباب المؤثرة على النمو الطبيعي، المحور الرابع: اضهار أهمية ومستقبل النمو الطبيعي وتأثيره على زيادة سكان مدينة رانية.

**Abstract**

The natural growth of population has its own importance and characteristics because it is an essential element in population growth which is the difference in the number (rate) of birth and death within a specific period.

The population growth in general and the natural growth in particular have witnessed a great change in the investigated area. This is due to the difference which exists between the rate of birth and death from one year to another. This، in turn، has caused a great change and high rises and falls in the natural growth in itself has led to a dramatic incrase in the number of inhabitants in the investigated area compared to the neighbouring area.

This study endeavours to present and explain the changes that have taken place in the population growth which are caused by the natural growth (the difference between birth and death) so as to pave the way for the concerned authorities to deverlop asystem and make plans to arrange and organize the natural growth of population in Ranya.

هەواڵنامەی کتێب